

# سەتەلایتە کوردیەکان، چەند لە ئاوێنەیەك ئەچن

## بەشداربوونی مەلەف

زیرەك کەمال

کاروان عبدوڵڵا

زاهیر ڕۆژبەیانی

عەبدوڵڵا کەسکین

شیلان سەعید

یەکێکێ لەو گفتوگۆیانەی کە ئەمڕۆ لە نێو پانتایی ڕاگەیاندنی کوردی جێگای مشتومڕی جدییە، دروست بوون و میکانیزمی کارکردنی سەتەلایتەکانی کوردییە، ئەگەرچی ڕەنگە کۆی ئەو سەتەلایتە کوردییانە، کە ئەمڕۆ لە نێوەندی ڕاگەیاندنی کوردی کاردەکەن (ئاراستە کراو بن) و وێنەی ئەو سەکۆیە ببینن، کە بۆتە زمانحاڵی حزب و ئەو دەسەڵاتەی کە تەمویلیان دەکات، وەلێ نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، کە زۆر جار ئەکرێت لەنێو ڕاگەیاندنی ئاراستەکراویشدا کێشەکانی کۆمەڵگە وێنەی بەردەوامی کامێراکانیان بێت.

بۆیەش دەکرێت زیاد بوونی سەتەلایتە کوردیەکان و چۆنیەتی کارکردنیان دەلیڤەی قسەکردن بەدەستەوە بدات و پرسیارێکیش بێنێتە کایەوە، کە ئاخۆ تا چەند ئەو کەناڵانە لەمیتافۆری ئەو ئاوێنەیە ئەچن، کە تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیان لەنێو ئەدۆزنەوە؟ ئەمە وێڕای زەرورەتی ئاخافتن و گفتوگۆی بەردەوامی ڕۆشنبیران لەم ڕووەوە، ڕەنگە جۆرێك لەگفت و گۆی ڕەخنەئامێز بەرهەمبێنێ، کە دواجار دەبێتە مایەی لێکحاڵی بوونی بینەر بە سەتەلایتەکانەوە.

ئەشێ بچووکترین جیاوازیش لە نێوان میکانیزمی سەتەلایت و کەناڵێکی لۆکاڵی (مەحەلی)، مەسەلەی شوناس بێت، شوناس بەو مانایەی (کە تۆ چیت و چیت دەوێ)..

(کۆوار) بە ئەرکی خۆی دەزانێت بەشێك لەو ئاخافتنانە بگوازێتەوە بۆ لاپەڕەکان، تا لەوێوە بزانین، ئاخۆ تا چەند ئەو کەناڵانە زمانحاڵی کۆمەڵگان و تا چەند لە نێو شوناس و کولتور کار دەکەن.. ئەرکیشمانە بپرسین ئێستا کە ژمارەی سەتەلایتە کوردیەکان روو لە زیاد بوونەو بەردەوامیش گوێمان لە کردنەوەی سەتەلایتی دیکە دەبێت، تا چەند ئەو سەتەلایتانە خزمەت بە ئاستی ڕۆشنبیری کوردی دەکەن، یان لە کوێی میکانیزمی تەلەفزیۆنێکی لۆکاڵی ڕەتییان کردووە؟ ئایا پەیامی سەتەلایتەکان توانیویانە لە نێوان حزبی بوون و خەمی کۆمەڵگا هاوسەنگی دروستبکەن، یان بەتەنها لە چوار چێوەی حزبی بوونی خۆیانەوە کاردەکەن؟

دواجاریش جێی خۆیەتی بپرسین ئایا گاریگەری کولتورەکانی دیکە (لە رووی هونەری و ڕۆشنبیرییەوە) نەپەڕیوەتەوە نێو بەرنامەکان؟ نەبوونی پسپۆر یش لەم ڕووەوە تا چەند کەلێنی گەورەی چێ کردووە؟

کۆوار

# سەتەلایتە کوردیەکان، نەیان توانیەوە لە کەناڵە لۆکاڵەکان دەربازبن

زیرەك کەمال

لەسەر زەمینی واقع و لە نێو دالأنەکانی ژیانی ئێمەدا هەموو شتەکان هەموو کایە و بونیاد و کائینەکان لە یەکتری دەچن، هەموویان دەڵێی لەبەریەکتری گیراونەتەوە و بەچەو وەچەی یەك سەرچاوە و یەك بوونەوەرن.

سەتەلایتەکان دەکرێت لە رووی کات و زەمەنەوە بڵێین سەر بە دونیای تازەگەرین، بەلاّم لە رووی بابەت و بەرهەم و ناوەڕۆك نەیتوانیوە لە ڕچە و بونیادی ئەوان تێپەڕێنن. ڕاستە لەڕووی تەکنیك و دیکۆر و هەندێك وردە خەسڵەت جۆرە جیاوازیەکی لەگەڵ ئەواندا هەیە، بەلاّم جیاوازییەکی سادە و ساکار و رووکەشانەیە و لە زۆر حاڵەتیشدا کەناڵە لۆکاڵیەکانی هاوڕێ و بینەری زیاتریان هەیە.

هەڵبەت من دڵنیام و هیچ گومانێکم لەوەدانیە، کە بەڕێوەبەر و ستافی بەڕێوەبردنی سەتەلایتەکانی کوردستان بەشی زۆریان خەڵکانی پسپۆر و دڵسۆز و شارەزای بواری راگەیاندن و دنیایی رۆژنامەنووسین و بۆیەش من کێشە و گرفتی لاوازی ئەو کەنالأنە لەواندا نابینمەوە، بەڵکو ئەوە کایەی سیاسی و سیستەم و عەقڵیەتی حزبیە لێناگەڕێت سەتەلایتەکانی ئێمە بکرێنەوە و ببنە دەروازە و مێرگێکی تەڕ و پاراو بۆ ژوانی عاشقان و کایە کولتوریەکان و ببنە ئەڵقەی گەیاندن و پردی پەیوەندی بەیەکەوە گرێدانی بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەیەکتری و ببنە ئاوێنەیەك بۆ نیشاندان و خستنە رووی ئەو سیما و روخسارانەی، کە تاریکی و زوڵمەتی ژیان لێناگەڕێن روناکی ببینن. حزب و کایە و سیستەمی سیاسی دەسەلاّت لە ولاّتی ئێمە گومان لە هێزی فیکری و مەعنەوی جەماوەری خۆیان دەکەن، بۆیەش ئالأی بوونی خۆیان لە بست بە بستی رووبەرەکانی ژیانی ئێمە هەڵداوە. یەکە یەکەی خانە سیاسی و کۆمەلأیەتی و نێوەندە ئیداری و حکومی و کولتوریەکانیان بە تان و پۆ و بۆیە و فۆرمی بچمی خۆیان رەنگ کردووە، بۆیەش دەبینین سەتەلایتەکانی کوردستان حزب و سیاسەت بە جۆرێك دەستیان لە هەناوی گیرکردووە، کە رەفیچك و بازوەکانیان توند بەخۆیانەوە گرێداوە و لێناگەڕێن گەشەیەکی چلۆنایەتی بکات، سەتەلایتەکان ئەوەندەی پێشانگایەکی نوێن بۆ خستنە ڕووی تابلۆکانی حزب، ئەوەندەی شاشە و مینبەرێکن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن حزب لە هەموو شوێنێکدا هەیە و دەستی دەگاتە بەرزترین و عاسێترین قاسەکانی ژیان و دووڕ و مرواری لە بنی دەریاکان دەردەهێنێت.

ئێمە لە سەتەلایتەکانەوە دەبینین، کە نابێت لە دەرەوەی بازنە بەر تەسك و چوارچێوە رزیوەکانی سیاسەت هیچ شتێك بوونی هەبێت و تەنانەت زۆرجار، کە دەستیان بە ڕنینەوەی قژی زێڕینی مانگ و پەڕە جوانەکانی خۆر راناگات، دێن پەلاماری ئەو دیاردە و روخسارانە دەدەن، کە نوێنەرایەتی مانگ و خۆر دەکەن لەسەر رووبەرەکانی واقیع و ژیان.

سەتەلایتەکانی ئێمە زۆرجار مینبەرێکیش بوونە بۆ رای جیاواز و دەنگ و رەنگی جیاواز و نایشارمەوە، هەتا خۆم زۆرجار لە دەروازەکانی سەتەلایتی کوردستان و کوردسات و زاگرۆس بە کامی دڵ و ئازادانە رای خۆم گوتووە، بەلاّم قسەی ئێمە لەسەر هێڵە گشتیەکانی کارکردنی ئەوانە نەك شتی تر.

بۆ نموونە بۆ دەبێت سەردانی بەرپرسی ڕێکخراوێك، ناوچەیەك، کۆمیتەیەك، بۆ گوندێك بکرێتەوە بابەت و هەواڵی شەو؟!! بۆ دەبێت سەرەوەری و دیرۆك و رابردووی حزب لە سەتەلایتەکانەوە شەوانە بڕژێندرێنە نێو ماڵە هەناسە ساردەکان. بۆ دەبێت کە سیاسیەکانی ئێمە لەبەرامبەر یەکتری دەنگیان بەرزکردەوە، چەند کاتژمێرێك دوای ئەوەش بێژەرێك بە دەنگێکی گڕەوە خۆی بکات بەسەر شاشەی سەتەلایتەکان و ئەوەی خەڵك پێی ناخۆشە بیڵێت.

دواجار دەمەوێت بڵێم، من دڵنیام بەڕێوەبەر و ستافەکانی کارکردن لە سەتەلایتەکانی کوردستان ئەگەر حزب و هەیمەنەی سیاسەت لێیان بگەڕێت، دەتوانن گۆڕانکاری باش و چلۆنایەتی لە نێوەڕۆك و بەرنامەکانی ئەو دەزگا گرنگانە بکەن و بیانکەنە بالأنومای ژیانی کۆمەلأیەتی و کولتوری خەڵك و لە کەناڵێکی حزبی و سیاسی دەیانکەنە پردێکی کولتوری و فەرهەنگی لەنێوان خۆمان و دەرەوەدا. لە کاتی نووسینی ئەو چەند دێڕەمدا هاوڕێیەکی قسە خۆشم خۆی کرد بەژورەکەمدا و کەزانی لەسەر سەتەلایتەکانی کوردستان دەنووسم، گوتی وازیان لێبێنە، ئەو سەتەلایتانە بۆ ئەوە دانەمەزراون ببنە مایە و فاکتەری گۆڕانێکی چلۆنایەتی لە رەوش و بزووتنەوەی راگەیاندنی کوردی، بەڵکو بۆ ئەوە دامەزراوەن، ئەو خەڵکەی لە کوردستانەوە لە دەست حزبەکان بەرەو سەر زەمینی غوربەت و تاراوگە رایانکردووە لەو ڕێگایەوە جارێکی تر کۆنترۆڵ بکرێنەوە. دواجار سەتەلایتەکان سیما و مۆدێلی نوێی ئەو کایە بوون. هەڵبەت نە هەموو تازەیەك بەنرخ و بەهادارە و نەهەموو کۆنێکیش ئیفلیج و کەنەفت و پەککەوتەیە.

# ڕاگەیاندن لەنێوان تەقلید و مۆدێرنەدا

كاروان عەبدوڵڵا

هەر كاتێك بمانەوێ باس لە ڕاگەیاندن بكەین ڕووبەڕووی كۆمەڵێك پرسیار و گیروگرفتی سیاسی و كۆمەڵایەتی دەبینەوە. لە پێشەوەی هەموو پرسیار و گرفتەكان، پرسی ئەو قۆناغەیە، كە كۆمەڵگەیەكی دیاریكراو پێیدا تێدەپەڕێ. لەو قۆناغەدا دیار دەكا هەڵگری ئەو سیما و بەهایانە دەبن، كە كۆمەڵگا لە پرۆسەیەكی مێژوویدا بەرهەمیان دێنێ. هیچ دیاردەیەكی كولتوری، كۆمەڵایەتی ، سیاسی، ناتوانێ وەك بەشێكی گرنگی مەعنەوی تاكەكان لە كاریگەری ڕەوتی ئاسایی كۆمەڵگا بەدەر بێ، واتە لە هەر گوتارێكدا ئەو دەنگ و ڕەنگانە بەدەردەكەون. كە لە قۆناغێكی دیاریكراودا كۆمەڵگا خولقاندوونی، لەوێدایە كێشەكان خۆیان بەدەر دەخەن، كاتێك ناتەبایی لەبەرەو پێشچوونی كۆمەڵگا و سەرخانی كۆمەڵگا ڕوودەدات، ڕوودانی ئەو ناتەباییيە، كە ئێمەی ڕۆشنبیرە بە ئاگاكان پەی پێ دەبەین و لەسەری دەوەستین، پرسیارە گرنگەكە ئەوەیە ئاخۆ ڕاگەیاندنی كوردی بەتایبەتی سەتەلایتەكان و تەلەفزیۆنە لۆكاڵیەكان، لە ئاست ئەو قۆناغەن، كە لە كۆمەڵگای كوردستانی پێیدا تێدەپەڕێ؟ ئایا سیما و خەسڵەتی ئەو جۆرە ڕاگەیاندنانە چ شوبهەت و نزیكییەكی بە گوتاری ئەخلاقی و سیاسی كۆمەڵگاوە هەیە؟ ئایا خودی ڕاگەیاندنی كوردستان بەشێوەیەكی گشتی دامەزراوەی مەدەنین، ئەگەر مەدەنی نەبن چین؟ چ مەودایەكی فیكری و سیاسی لەنێوان ڕاگەیاندنانە چ شوبهەت و نزیكییەكی بە گوتاری ئەخلاقی و سیاسی كۆمەڵگاوە هەیە؟ ئایا خودی ڕاگەیاندنی كوردستان بە شێوەیەكی گشتی دامەزراوەی مەدەنین؟ ئەگەر مەدەنی نەبن چین؟ چ مەودایەكی فیكری و سیاسی لە نێوان ڕاگەیاندنی مەدەنی و تەقلیدی دا هەیە؟ ئایا ئەو حزبەی كە دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوەیە هۆكاری دروستبوونی ڕاگەیاندنی غەیرە مەدەنییە؟

پرسیارەكان زۆرن، وەڵامەكانیش هەر لەو چوارچێوەیە دەرناچن، كە ڕاگەیاندنی ئێمە لە قۆناغێكدایە، هێشتا سیماكانی بە مەدەنیبوونی تێدا بەرجەستە نەبووە، بە مانایەكی دیكە دەتوانین بڵێین ڕاگەیاندن لەو شوێنە هەناسەدەدات، كە سیستمی تەقلیدی لەگەڵ مۆدێرنەتەدا لە ململانێیەكی سەختدان، زەرووڕەتی پێشكەوتن و گۆڕانە خێراكانی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی و شۆڕشە تەكنیكیەكانی ڕاگەیاندن لە دونیایی جیهانگیری و كرانەوەدا، كاریگەری حەتمی لەسەر كۆمەڵگە تەقلیدیەكان دادەنێ و ئەو زەمەن و فاسیلە شل و خاوە، كورت و توندوتۆڵ دەكا و كۆمەڵگاكانی لەمەڕ ئێمە مەحكوم دەكا، لەگەڵ بەها نوێیەكانی مودێرنە بكەوێتە ململانێ و دواتر گۆڕان لە نێو خۆیدا بكا. ڕاگەیاندنەكانی ئێمە، ئەگەر چی بەرواڵەت سودیان لە نوێترین تەكنیكی مۆدێرنە وەرگرتووە، بەڵام لە ناوەڕۆكدا تا ئێستاش بە گوتاری تەقلیدی بەڕێوەدەچن، ئەمەش بەو مانایە نییە، كە ئەو گوتارە تەعبیری ڕاستەقینەیە لەو كەسانەی كە لەو دەزگایانە كاردەكەن، ئەو ئیشكالیاتەی كە ڕاگەیاندنەكان بەتایبەتی سەتەلایت و كەناڵە ناوخۆییەكان ڕووبەڕووی بوونەتەوە سەرچاوەكەی لە مەبەستی ئەسڵی دامەزراندنی ئەو دەزگایانە هەڵدەقوڵێ واتە كێشەكان لە ئامانجی دامەزراندنەوە سەر هەڵئەدەن. جەوهەری پرسیارەكەش ئەوەیە كێ لە پشت دامەزراندنی ئەو دەزگایانەیە، سیستەمی بەڕێوەبردنی ئەو دەزگایانە چۆنە؟ ئەو كێشانەی كە ڕۆژانە باسی لێوەدەكەین، چارەسەریان هەیە؟ زۆر جار دەوترێت چونكە ئەو ڕاگەیاندنانە سەر بە حیزبن، بۆیە ناچنە خانەی ڕاگەیاندنی ئۆرگانیك، واتە كاریگەر و ئەكتیڤ نین. ڕاگەیاندنێكیش لە جۆری ئۆرگانیك نەبێ، تەقلیدیە و ئاوێنەی دەسەڵاتی كۆمەڵگایە، دیارە مەبەستیش لە دەسەڵاتی كۆمەڵگا، ئەو بەها پیرۆز و ڕێسایە ئاراستەكراوەن، كە گۆڕان و پێشڤەچوون ڕەت دەكەنەوە. من پرس و گرفتەكان بەشێوە ڕەهایە شرۆڤە ناكەم، ڕاستە كۆمەڵگەی كوردستانی لەنێو تەقلیدییەتدا دەخولێتەوە، بەڵام زۆر بەخێرایش توخمە ئۆرگانیكەكان لەنێویدا پەرە دەگرن و مەحكومە بە ڕوودانی ئەو ململانێیە و لە دایك بوونی توخمی گۆڕان. لەو ڕوانگەیەوە ناتوانین بڵێین دەزگاكانی سەتەلایت و تەلەفزیۆنە لۆكاڵییەكان، كە لە قۆناغی سیستەمی تەقلیدیدا سەرهەڵئەدەن، كت و مت تەعبیر لە دەسەڵاتی كۆمەڵگا و وتارەكانی حزب دەكەنەوە، بە واتایەكی دیكە نە دەسەڵاتی كۆمەڵگا و نە گوتاری حیزب لە حاڵی وەستان و خۆ خواردنەوە و خۆ بەرهەم هێنانەوە دان و نە دەزگا ڕاگەیاندنەكانیش بە تەواوی لەو فەلەكەدا دەسوڕێنەوە. خۆ باشتر بوو ئەگەر گوتاری ڕاگەیاندن، هۆكارێكی مەدەنیی و مۆدێرنە بوایە، تا بیتوانیایە بەشدارییەكی كاریگەریانەی لەو ململانێیە بكردایە كە كۆمەڵگای تەقلیدی لەگەڵ مۆدێرنە دەیكا. لەگەڵ ئەوشدا هەبوونی ئەو دەزگایانە لەنێو كۆمەڵگایەكی تەقلیدی، لە نەبوون باشترە، واتە ئەگەر لەلایەك هەوڵدەدەن ئاوێنەی كۆمەڵگابن، لەلایەكی دیكەوە ڕایەڵێكی گرنگن بۆ پەیوەست بوون بەدونیای مۆدێرنە و هەموو ئەو گۆڕانە خێرایانەی لە دونیادا ڕوودەدەن.

ئێمە كە دەڵێین لە كوردستاندا، ڕاگەیاندنی ئازاد وجودی نییە، ئەوەی

بەرنامە کوردیەکان لە نێو ستۆدیۆکانەوە گیریان خواردووە..



هەیە سەر بە حیزبەکانە، مەبەستمانە بلێین کۆمەڵگەی کوردستانی کۆمەڵگایەکی تەقلیدیە، واتە دەزگا کولتوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی پاشکۆی کۆمەڵگاو حزبن، بە ئیرادەی خۆیان حەرەکەت ناکەن و گوتارەکانیشیان گوتاری کۆمەڵگا و حیزبە، دیارە مەبەست لە راگەیاندنی ئازادیش، باس کردنە لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و کراوە و مودێرن، باسکردنە لە دام و دەزگایەك کە بەپێی بازاڕی ئازاد یان ئابووری ئازاد خۆی رێکدەخا و گوتارەکانی دەخاتە نێو کۆمەڵگا. ئەو جۆرە راگەیاندنە ئیش لەسەر بەردەوامی گوتاری نوێبوونەوە و گۆڕینی زهنییەتەکان و قەبولکردنی تەکنیکی تازە دەکا، پاشکۆ بوون و تەقلیدیەت لە راگەیاندنێی وەهادا مانای خۆکوشتن و گۆڕانێکی گەورەیە چونکەو ئەو جۆرە راگەیاندنانە لەسەر بنەمای کێبرکیٚ، لە فەزایەکی ئازاد و دیموکراتدا کاردەکەن. ناتوانن بۆ یەك لەحزە لە بێئاگایی و پاشکۆبووندا بمێنەوە..

ئێمە لە کوردستان، راگەیاندنمان هەیە، لە کۆمەڵگایەکدا ئەو راگەیاندنانە بەڕێوەدەبەن، کە تاك تیایدا پاشکۆیەو لە پەراوێزدایە، بەلاٚم خۆشبەختانە لەسەردەمێك دا دەژین، کە کاریگەریەکانی مۆدێرنە نەك هەر خزاوەتە نێو کۆمەڵگاکەمان، بەڵکو بازنەکانی ململانێی لەسەر هەموو ئاستەکان فراوان و خێراترکردووە و ئێمەی خستۆتە نێو پرۆسەیەکی حەتمی، کە تاکی پاشکۆ بەرەو تاکی ئازاد، حەرەکەت پێدەکا و دیواری دەزگا مۆنۆپۆلە تەقلیدیەکان بە پاشکۆیەتی و قەبولنەکردنی ئازادییەکان شەق دەکا.

هەر ئەو پرۆسەیەشە ئەو هیوایەمان پیٚ دەبەخشیٚ، کە لە ئاییندەی راگەیاندن بیٚ ئومێد نەبین و دڵنیابین کە بونیادی دەسەلاٚتی سیاسیی و کۆمەڵگا لە حاڵی گۆڕاندایە و ئێمەش مەحکومین بە رێکخستنێکی دیکەی پەیوەندییەکانی تاك و کۆمەڵ، تاك و دەسەلاٚت لە رێگەی سەرهەڵدانی دامەزراوەی مەدەنی کە تیایدا کار و کردەوەکانی لەسەر بنەمای (ئیختصاص) رێك دەخرێن و بوارێکی سروشتی بۆ پەیدابوونی راگەیاندنی ئازاد دێتە پێشەوە.

ئەمڕۆ ئەگەرچی حزب سەرچاوەی ماڵیاتە بۆ راگەیاندنەکان، بەلاٚم بە حوکمی ئەو گۆڕانکارییە خێرایەی لە جیهاندا روودەدا، حزبیش ناچارە گۆڕان لە دید و بۆچوون و رەفتاری دا بکا بەرامبەر بە راگەیاندن و ناتوانیٚ بەو شێوەیەی، کە خۆی دەیەویٚ بەڕێوەبچیٚ، من ناتوانم دەستنیشانی شێوە و ئالیەتی ئەو گۆڕانە بکەم، بەلاٚم ئەوە دەزانم لە داهاتوودا هیچ کارێك بەبیٚ زەریبەدان بە دەوڵەت و پەیڕەوکردنی سیستمی بیمەی کۆمەلاٚیەتی ناتوانیٚ بمێنێتەوە، هەر کاتێکیش بەو قۆناغە گەیشتین، راگەیاندن وەك دەزگایەکی ئازاد کاردەکا و لە مەیدانەکەشدا دەکەوێتە مونافەسە و، مونافەسەش یاسایی خۆی هەیە، کە لە هەموویان گرنگتر خۆ نوێکردنەوەی بەردەوام و خستنە رووی فرە گوتارە، ئەو کات هەر کیٚ ئەو کارە بکا، چ حزب بیٚ، یا کۆمپانیا، یا هەر تاکێکی کۆمەڵگا بیٚ، بە رێگای سروشتی خۆی دا دەڕوا و هیچ مەترسی نابیٚ..

# سەتەلایتە کوردییەکان بەزاندنی سنورە دەستکردەکان

زاهیر ڕۆژبەیانی

سەرەتا پەیدابوونی سەتەلایتی کوردی و، ئێستایی زیادبوونی تارادەیەکی زۆر لە بەرژەوەندی گەلی کورد و دۆزە ڕەواکەیدایە.

کورد وەك گەل و، کوردستانیش وەکو نیشتمان دابەشی چوار دەوڵەت و بگرە پتریش کراون، ئەگەر کوردەکانی سۆڤیەتی جاران و، کوردی ئاوارەیی تاراوگەکانی ئەوروپا و جیهانیشیان بخەینە سەر، هەر یەکێك لەم بەشانەش بەهۆی ئەوەوە، کە لەواقیعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوری نەتەوە و دەوڵەتێکی شۆڤینی کۆلۆنیالدا مەحکومی بارودۆخێکی تەواو لەیەکتر جیاوازن، بۆیە هەر بەشەیان بەجیا گەشەی کردووە و، لە ڕووی کولتوری و کۆمەڵایەتی و شارستانیەتیشەوە زۆر لە (لێکدابڕان)ی یەکجارەکیەوە نزیك بوون و، ئەمەش دیارە چ مەترسییەکی لەسەر یەکپارچەیی گەلی کورد و خاکی کوردستان هەبووە و هەیە، بە پەیدابوون و زۆربوون و پەرەپێدانی کەناڵە ئاسمانیە (سەتەلایت)ە کوردیەکانیش ڕوونە، کە ئەم مەترسیە چەند لەسەر هاوچارەنووسی هەموو پارچەکانی کوردستان کەم دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر لێرەوە تەماشای (سەتەلایت)ە کوردییەکان بکەین، ئەوا دەشێ بڵێین سەتەلایت خزمەتێکی بێ سنور بە کێشەی ڕەوای گەلی کورد دەکا و ئەرکێکی تەواو نیشتمانی و نەتەوەیی بە جێ دەهێنێ، کە پێش پەیدابوون و زۆربوونی کەناڵی ئاسمانی کوردی، جۆرێك بوو لە مەحاڵ لە سایەی ئەو هەموو کارە زۆرەملێیانەدا کە ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە لە دژی زمان و کولتور و ئەدەب و نەریتی کوردەواریدا دەیان کرد و دەیکەن.

بەهۆی سەتەلایتەوەیە، کە ئەمڕۆ هەموو کوردێك لە جیهاندا دەتوانێ ئاگاداری هەواڵ و ڕووداوەکانی هەموو وڵاتەکەی بێت و کاریگەریشیان تێدا بکات، بەهۆی سەتەلایتەوەیە، کە هەموو شێوەزارەکانی زمان و، ئەدەبی کوردی و، ستران و ئاوازی هەموو پارچەکانی کوردستان بۆ یەکتر دەگوێزرێنەوە، بەهۆی سەتەلایتەوەیە دەتوانرێ کێشەی ڕەوای کورد بەناو ڕۆڵەکانی خودی گەلی کوردستان و، تەنانەت هەموو جیهانیشدا بڵاوبکرێتەوە و، دۆست و لایەنگرانی پتریشی بۆ پەیدابکرێت.

ئەمەش ئەرکی گەورە و پیرۆز و پەیامی ئێستای کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکانە، کە ڕۆژانە سنوورە دەستکردەکانی کوردستانی گەورە دەبڕن و سەر بە ماڵە کوردەکانی جیهاندا دەکەن و وشیاری و هیوای پاشەڕۆژ لە دڵی نەوەکاندا دەچێنن، بێگومان ئەمەش بە کادیر و ستافی وشیار و زیرەك و شارەزایانی مێژوو و سیاسەت و ڕاگەیاندنی لێهاتوو و، بە نووسەر و ئەدیب و ڕۆشنبیریی ڕەسەن دەکرێت، کە بەداخەوە دیارە وێنەیان تا ئێستا کەمە لە سەتەلایتەکاندا.



ئەرکی گەورەی سەتەلایتەکان ناساندنی کەلەپوری کوردییە بە جیهان..

# سەتەلایتە کوردییەکان،

# لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو سوود وەرناگرن

عەبدوڵلا کەسکین*



ئێستا (6–7) کەناڵی سەتەلایت هەن، بەڵام بەداخەوە من تا هەنووکە هەر تەماشای (3) کەناڵم کردووە، ئەوانیش (کوردستان تیڤی و کوردسات و رۆژ تی ڤی)ین. هەبوونی کەناڵی ئاسمانی کوردی بۆ کوردە، بۆ کولتوور و زمانی ئەدەبی کوردییە بەگشتی، بۆ کۆمەڵگای کوردی و بۆ یەکترناسینی پارچەکانی کوردستانێکی یەکجار گەورەی کوردە. سەرەتا باسی لایەنە پۆزەتیڤەکان دەکەم، ئینجا لەسەر لایەنە نێگەتیڤەکانی ڕادەوەستم، تۆ لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە بیت، لەرێگەی تەلەفزیۆنەوە هەر شتێك لەکوردستان رووبدات دەیزانی و دەتوانی لێی ئاگاداربیت، هێشتا نەم توانیوە وەك پێویست سەیری (زاگرۆس و رۆژهەلات) بکەم، ئەمە شەنێکی زۆر گەورەیە، بۆ چی؟ چونکە ئەو سەردەمانە دەڕۆن و ئێمە دەزانین، لە

**هیچ هەناڵێك**
**بەرنامەمە ە ە ملنان نە نام**
**گبکات بۆ تماشاکردنگ**
**بگمۆگمگاڵگ**

باکوور و رۆژهەلات و باشوور، هەرچەند رەوشی باشوور دوای (15) ساڵ ئازادیی باش بووە. بەر لە ئازادکردنیشی لێرە رەوشی زمان وەکو پارچەکانی تر نەبووە. چونکە کولتوری کوردستان لە هەموو پارچەکان کولتورێکی پێشکەوتووە، میوزیکی کوردی پێشکەوتووە، بۆ ئەمەش کاتیٚ ئێمە لە باکوور دەمانویست دەست بە خەباتی کولتووری کوردی بکەین، ئەگەر ئەو کات دەرفەت و ئیمکانیات هەبووایە، بیانگوتبایە ئێوە دەتانەویٚ بەچی دەست پیٚ بکەن، هەرچەندە نووسین زۆر گرنگە، ئێمە دەمانگوت بە تەلەفزیۆن دەست پیٚ دەکەین. ئەگەر بمانەویٚ لە کۆمەڵگای کوردی دەنگمان بگەیەنینە هەمووان تەلەفزیۆنمان گەرەکە. بۆ نموونە (PKK) لە رێگەی (رۆژ تی ڤی)یەوە لەم چەند ساڵەی دوایدا خۆی دایە ناسین، باشیش بەکاری دێنی، ئەمە شانسێکی گەورەیە، بۆ نموونە، سەرنج بدە دوو سیٚ کوردی باکوور، کە تەماشای (کوردستان تی ڤی و کوردسات) دەکەن، کە لەوێش بینەری باشیان هەیە. دەبینین پەیڤی کرمانجی خواروو (سۆرانی) دەکەوێتە نێو شێوەزاری قسەکردنی ئەوانەوە. ئەمە شتێکی زۆر باشە، من کوردستان دەناسم، بەرنامە و ستران و میوزیك و گفتوگۆ و هەواڵی کەسایەتییەکانی کوردستان، هەموویان لە رێگەی تەلەفزیۆنەوە دەناسم، بەڵام بە بڕوای من تەلەفزیۆنی کوردی، واتە سەتەلایتەکان هەرچەندە لەسەدەی بیست و یەك دەژین، بەڵام لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو کە کەناڵەکانی میدیای جیهانی بەکاریدێنن، سوودی لیٚ وەرناگرن، بۆ نموونە من زۆر جاران دێمە کوردستانی ئازاد و دەگەڕێمەوە، زۆر شوێنیش گەڕاوم و زۆر کەس دەناسم و لە بارودۆخی ئێرە لە نزیکەوە ئاگادارم. ئەگەر من تەنیا سەیری (کوردستان تی ڤی و کوردسات)بکەم، وێنەیەك لە پاڵ سەرمەوەیە، کە بەو وێنەیەوە من زۆر گەشبینم بۆ ئایندەی کوردستان، تەلەفزیۆن، میدیای کوردی بە گشتی، ئەو وێنەیە نادات. لە دونیادا، بۆ نموونە لە تورکیا پێچەوانەیە. لێرە لەگەڵ گەنجان و کەسایەتییەکان قسە دەکەم، دەڵێن تورکیا زۆر باشە، لێی دەپرسم؟ چەند جار هاتیە تورکیا، بینیوتە، دەڵێن نەخێر، لە رێگەی تەلەفزیۆن دەزانم و تەماشا دەکەم. زنجیرەی فیلمەکان تەماشای دەکەم، بەرنامەکانی دەبینم، میوزیك و هەواڵ گوێبیستی دەبم، بۆ ئەو ئاماژەیەکی جددی هەیە، بەڵام لە تورکیا، هەموو شت جیایە. بۆ نموونە زۆر بەرنامە بەشدار بوومە. ستۆدیۆی زۆرم بینیوە، ستۆدیۆش لەسەر ئەم شێوە رێك دەخرێن (ئۆرگانیزە دەکرێن) ئەو شوێنەی کامیرا دەیبینێت زۆر باشە، ئەو شوێنەی کامیرا نایبینیٚ زۆر خراپە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لەو شوێنەی وێنە دەگیریٚ و ئەو شوێنەی وێنەی ناگیریٚ، دوو دنیای لێك جودان، یەك ڕەش یەك سپی یە. لێرە تەواو پێچەوانەیە، بەڕای من کەناڵەکانی کوردی، نەیان توانیوە بەشێوەیەکی (ئۆبجەکتیڤ) سوود لە رەوشی کوردستان و پێشکەوتنی کوردستان وەرگرن و بەخەڵکی بناسێنن. لە دەرەوە رەوەندی کوردی لە هەموو شوێنێك هەیە، بەرنامە هەیە و تەلەفزیۆن زۆر تەماشادەکەن، گەرەکە کەسێك بیٚ ئەوەی سەردانی کوردستان بکات، لە ئەوروپاش شت هەیە دەتوانریٚ باشتر نیشان بدریٚ، مخابن ئێمە شتی هەرە خراپ نیشان دەدەین. ئەمە کارەساتێکە بۆ میدیای کوردی، کامێرای ئێمە شتی قەشەنگ پیشان نادات، پەیامنێرانی ئێمە پرۆفیشناڵ نین، راپۆرت و هەواڵ و بەرنامە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ پێشکەش ناکەن، بۆ نموونە (هەواڵ) کاتیٚ پێشکەش دەکریٚ، بەهەردوو دیالێکت پەخش بکرێت، چونکە ئەگەر کەسێك هیچ شارەزای زمان نەبێت، هێدی هێدی فێری زمان دەبێت. بۆ نموونە من دەمەویٚ فێری (سۆرانی) ببم، راستە نەم خوێندووە، بەڵام لە رێگەی سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوە خۆم فێردەکەم، ئەو جیاوازیانەی لەنێوان دیالێکتەکانەوە هەیە، لێکدی نزیك دەبێتەوە و شارازای دەبین، تۆ شارەزای دیالێکتی هەولێر و دهۆك و سلێمانی دەبی، دەکریٚ سوودی لێوەرگری، لە هەموو کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردی کێشەیەك هەیە، ئەویش حزبینە، هەرچەندە ئاساییە حزب کەناڵی خۆی هەیە و هەبێت، چونکە ئەم حزبانە دەوڵەتین نەك ئایدیۆلۆژی و کلاسیکی بن، بۆ پێشکەوتنی میدیا بەلایەنی کەمەوە دەبێت (ئۆتۆنۆم)بێت، سەربەخۆ بێت، من لەگەڵ چەند رۆژنامەوانی کورد قسەم کردووە و لەگەڵیان دانیشتووم، پێم گوتن زۆر شەرمە، سەرۆکی حکومەت (نێچیرڤان بارزانی) بەخۆی بە رۆژنامەنووسان بڵێت، ئێوە بۆچی رەخنە لە حکومەت ناگرن، سەرۆکی حکومەت لە سەردانێکی بۆ نێو سەتەلایتی کوردستان ئەو قسەی کرد، من خۆم تەماشام دەکرد، کە دەیگووت (بۆچی کەموکوڕیەکان باس ناکەن و نابنە ڕیٚ

نیشاندەری ئێمە) لە میدیادا کولتووری رەخنەگرتن یەکجار گرنگە، بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگای کوردی. پێویستە لەم رووەوە پێشکەوتن هەبێت و بەرەو پێشەوە بچێت. من بتوانم لە شوێنێکی دونیا یاخود لە پارچەیەکی کوردستاندا، هەر شتێك گرنگ بێت لەنێوان 5 دەقیقە تا نیو سەعات بیزانم، بە ئاوایەکی جددی وەریبگرم، مخابن میدیای کوردی لەو ئاستەدا نییە، بەلاّم ژمارەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە زیادبوون دایە، من لەو بڕوایە دام پاش ماوەیەکی دیکە، لەناو خودی تەلەفزیۆنەکاندا چاودێری بکەن. ئەگەر چاودێری هەبێت، ئەوا پێشکەوتن دروست دەبێت. بۆ نموونە (کوردستان تی ڤی و کوردسات) نە بەتەنیا لەناو کوردستان و عێراقدا، بەڵکو لە پارچەکانی تر و ئەورووپاش بینەری زۆریان هەیە. کەوا بوو بۆچی بۆ کۆمپانیایەکی وەك (کۆکا کۆلا)، کە رەنگە کورد لە هەموو کەس زیاتر بیخۆنەوە ریکلام نەکەن، بۆچی ئەم تەلەفزیۆنانە، لەگەڵ کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی و گەورە گرێبەندی بلاّوکردنەوەی ریکلام ئەنجام نادەن. ئەگەر بۆ کۆمپانیاکانی نێو نەتەوەیی رێکلام بکەن، پارەش قازانج دەکەن، ئەو کاتەی پارەیان قازانج کرد، دەتوانن جوولەی زیاتر بکەن و (ئۆتۆنۆم)بن و سەربەخۆش بن، مەبەستم ئەوە نییە جولەیەکی وابکەن، (ئیفترا) بکەن و لە دژی دەسەلاّتی کوردی بن. میدیای هەر ولاّتێك کاتێ بەرنامەیەك یان هەواڵ ئامادە دەکات، بەرژەوەندی میللی خۆی و ولاّتەکەی ڕەچاو دەکات. پێویستە زیاتر بتوانێت بیروباوەڕی بینەران، لە بێلایەنی رەچاو بکات، نەك حزبێك، ئەگەر هەواڵێك لە کەناڵێکی حزبیدا دەرکەوت، لە کۆتاییدا تۆ هەر بەگومان لێی دەڕوانی، هەر کەس لەلای خۆیەوە شرۆڤەی دەکات، یاخود راستیەکەی دەگۆڕێت، رەنگە لەلای خۆیەوە شرۆڤەی بکات، ئەگەر تەلەفزیۆن بتوانێ سەربەخۆ و لە چوارچێوەیەکی رەخنەییدا، هەواڵ ئامادەبکات، زیاتر سوودەمەند دەبێت.مەسەلەی گرنگ مەسەلەی کولتوورییە. لە تەلەفزیۆنە کوردییەکاندا بەرنامەی کولتووری و رۆشنبیرییان کەمن، یاخود ئەوانەی هەن کەم و کورِیان هەیە، لە ناوەکەیەوە بگرە هەتا ناوەڕۆك و پێشکەشکاری پرۆفیشناڵ نییە، بەرنامەی کولتوری بۆ کورد بۆ ئەوەی کولتور و کێشەی خۆیان بناسێنن و چارەسەری بکەن، زۆر پێویستە. بەلاّم بەرنامەکان ئەوانەی هەن زۆر لێك نزیکن و وەکو یەکن و جیاوازنین، گرنگی بە کولتوور نادەن، بۆ نموونە لە یەك لە کەناڵەکانی کوردیدا نییە بڵێین، لەسەر سینەما یا کتێبی کوردی بەرنامەیەك بکرێ، جگە لە هەندێ بەرنامەی گۆرانی گوتن و شتی تر، شتێکی جددی نییە، ئەو هونەرمەندانەی دێن، لێیان ناپرسرێت، کێشە و داخوازیت چییە؟ بۆ نموونە کێشەی سیدی ئەسڵی چۆن چارە بکرێت، ئەمانە نیین، ئەگەر حکومەت هاوکاری نەکات هونەرمەندێك ناتوانێ ئەلبومەکەی خۆی چاپ بکات، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، ئەمڕۆ رەنگە حکومەت هاوکاری بکات، بەڵام رەنگە سبەی حکومەت ناچار نەبێت هاوکاری بکات، بۆ هەر ئەلبومێك یان فیلمێك یان کتێبێك. لە هیچ ولاّتێك شتی وا هەر نییە حکومەت هاوکارییان بکات، مومکین نیە، ئەمڕۆ پارە هەیە رەنگە سبەی پارە هەر نەبێت، پێویستە ئێمە بیر لەوە بکەینەوە کاتێ دەمانەوێ فیلمێك دەربهێنین یان قەسیدەیەك بنووسین، بۆ خۆمان زەمینەیەك برەخسێنین، بۆ ئەوەی بەم فیلمە یان ئەم سیدیە، دوو فیلم و سیدی تر بەرهەم بێنین، ئەمە زۆر گرنگە. چونکە کولتوور و کۆمەڵگای کوردی زارەکیە، تەماشاکردن و خوێندنەوە زۆر کەمە و لێکدانەوەیەکی هەمەلایەنەی بۆ نییە. خوێندن لە هەر ولاّتێکی دنیادا گرنگە، چونکە بینەر و خوێنەر لە هیچ شوێنێك پێکەوە پێوانە



## سەتەلایت، ئەو ئامێرەی گوندەکانیشی داگیرکردووە

ناکرێن، بینەر سەد قات زیاترە لە خوێنەر، بەلاّم بۆ جڤاکی کوردی تایبەتییە و راستترە، بەلاّم دەتوانین چەند کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ خەڵکی خۆمان و دەرەوە نیشان بدەین. زمانمان پێش بخەین و بەزمانەکانی تریش بلاّو بکەینەوە، بۆ نمونە لە کوردستان زۆر پرۆگرامی وەك پەروەردە و کارگێڕی و پاکوخاوێنی هەبێت، هەوا و ژینگەی ئێرە زۆر خاوێنە، بەڵام کار وا بڕوات پاش پێنج تا شەش ساڵی تر رەنگە ببێتە زبڵخانە. لێرەدا تەلەفزیۆن دەتوانێت کولتوورێك دروست بکات و کاریگەری زۆر لە سەر کۆمەڵگا دابنێت، من ناڵێم ئەو کەنالاّنە کاریگەریان نەبووە، بەلاّم کەم بووە. لە هیچ کەناڵێك بەرنامەیەکی وا نیە وام لێبکات بۆ تەماشاکردنی بگەڕێمەوە ماڵەوە، یان ئەگەر کاتی تەماشاکردنم نەبوو بە ماڵەوە بڵێم بۆم تۆمار بکەن. تەلەفزیۆنی بیانی و تورکی هەن، بەرنامە و زنجیرە فیلمیان هەیە و تەماشا دەکرێن، تەنانەت بە DVD یش تەماشا دەکرێن. بۆ نمونە لێرە پەیوەندی زۆر جدی بۆ سینەما هەیە، سەدان کەس لە کوردستان و پارچەکانی تر و ئەوروپا پەیوەندییان بە سینەماوە هەیە و سەرکەوتنی نێودەوڵەتییان بەدەست هێناوە، کە عەرەب و تورکەکان بەدەستیان نەهێناوە. تەلەفزیۆنی کوردی دەتوانێت لەم ( پۆتاسیلیێ) سوود وەربگرن، کە بەداخەوە تاکو ئێستا سوودیان لێی وەرنەگرتوە. بۆ نمونە لە کاتی مەراسیمی گەرانەوەی تەرمی ئەنفالەکان من لێرە بووم، چەند کەسێکی سوریا و ئێرانیش لێرە بوون، (بەهمەنی قوبادی و هونەر سەلیم) یش لێرە بوون، هەر چەند پەیوەندی رۆژنامەوانیمان کرد بۆ ئەم مەسەلەیە، بەلاّم من نەم دیت تەنها یەك سەتەلایتی کوردی

بانگی ئەم دەرهێنەرە گەورانە بکات. بەلامەوە سەیر بوو، (بەهمەن و هونەر) بۆ بەرنامەیەکی چە ند ساتی بانگ نەکران، لیێم پرسین بۆ بەرنامەتان نەبووە، وتیان تاکو ئێستا کەس تەکلیفی لێنەکردووین. ئەگەر لە هەر ولآتێکی تر بوایە، بێگومان ئەمە دەکرا. زۆر گرنگە دوای بیست سالْ روفاتی 503 مرۆڤی ئەنفالکراو بگەڕێتەوە زێدی خۆیان، ئەمە بۆ کولتوور گرنگ بوو، چونکە ئەوەی چاوی دەرهێنەرێکی سینەمایی دەیبینێت، چاوی من و تۆ و خەڵکی ئاسایی هەستی پێناکات. حەزم دەکرد بە چاوی ئەوانەوە هەندیٚ شت ببینم. ئێمە ئەو شتانە ناکەین، بۆ نموونە زۆر زنجیرە فیلمی دۆکۆمینتار بۆ خەباتی کورد هەیە، ئەمانە هیچ بەدیار ناکەون، هەندیٚ شتی عەرەب دەردەکەون، بۆ هی (BBC) لێنادرێن، زۆریش هەرزانن لە کەناڵەکانی کوردستان بەڕای من سەرکەوتووترین بەرنامە، بەرنامەکانی مندالآنە، کە جار بەجار تەماشا دەکەم، ئەوانەی پێشکەشکارن زۆر پرۆفێشنالْن، بۆ نموونە لە سەتەلایتی کوردستان دوو کچی دهۆکی هەن، وا هەست دەکەم کە سالآنێکی زۆرە ئەم کارە دەکەن، کەچی تەمەنیان لە 15 سالْ زیاتر نیە، زۆر هێمنن و یاری دەکەن و پێدەکەنن، سەربەست و بە جوولە و قسە خۆشن و لە یەك شوێن ناوەستن، کە ئەمە زۆر گرنگە، چونکە لە تەلەفزیۆن هەر چرکەیەکی تەماشاکردن زۆر گرنگە. ناکرێت بەرنامەیەك 5 کەس پێشکەشی بکەن و 5 کاتژمێر قسە بکەن، شتی وانیە، ئیدی ئەوەی بەڕای من گەرەکە، ئەگەر سەتەلایتە کوردییەکان لە ئاست میدیای دونیا کار بکەن و بتوانن بەرنامە دروست بکەن، کاریگەری جددی لە کۆمەڵگای کوردی دەبێت و گەلێك کێشە و گیروگرفت چارەسەر دەبن و کارئاسانی دەبێت، لە دنیادا کێشەی کوردیش لە ئاستی بەرزتر باس دەکرێت. لەو بڕوایەشدام تەلەفزیۆنە کوردیەکانیش ناچارن خۆیان بگۆڕن و بەو ئاقارە دا کاربکەن.

جێگای شانازیە، کە زۆر بەرپرسان دەناسم لە کوردستان هەموویان بۆ پێشکەوتن ئامادەن، تاکو بەر لە شەڕی ئازادی عێراق زۆر شت نەدەکرا، بەهۆی ئابلۆقەی دراوسیٚ و جیهانی، بەلآم دوای ئەمە گەلێك تەکنەلۆژیا و کەناڵی نوێی میدیا دەگاتە کوردستان. ئەمە زۆر باشە، باشترین کامیرا و کۆمپیوتەر و سێتی مۆنتاژ دەست دەکەوێت. هەست دەکەم کێشەی کەلوپەلی تەکنۆلۆژیای میدیا لە کوردستان دانیە، لە گەلێك لایەنەوە.

تورکیا دەیەوێت کورد بچێتە ئەویٚ و شت لەویٚ بهێنێت، بەلآم ئەوەی گرنگە کاتیٚ تۆ کامیرایەك بە 200تا300 هەزار دۆلار دەکڕی، دەیدەیتە دەستی کەسێك رەنگە هەر کامێراشی بەکار نەهێنابێت، یاخود کامێرایەکی سادەی بەکارهێناوە، ناکرێت وا بێت، دەبێت بدرێتە وێنەگرێکی باش و چالاك.

من ئاستەنگەکان لە نەبوونی پسپۆری دەبینم، ئەگەر پەیامنێر و وێنەگرەکە باش و پسپۆر بن، بەڕێوەبەر باش بێت، بۆچ تەلەفزیۆن باش نابێت؟ باوەڕناکەم تەلەفزیۆنی کوردی بیٚ ریکلامکردن لە گەلْ کۆمپانیای نێودەولەتی پێش بکەویٚ و پارەش قازانج بکات. بۆ رۆژنامەوانی کوردی ترسناکە و ناخۆشە، سەرۆکی حکومەت پێت بلْێت وەرن رەخنەمان لێبگرن، کێماسیەکانی ئێمە بلْێن، کەچی وەك پێویست ئەو کارە ناکرێت. بۆ نموونە لە سۆران رێگاوبانەکان زۆر خراپن، پێویستە سەتەلایت بێت بەرنامەی لەسەر بکات و بلْێت ئەمەیە حالی ئێمە، ناکرێت بەرپرسێك نەبێت تەماشای نەکات و بەدوای دا نەچێت.

میدیا چییە، رۆڵی میدیا ئەوەیە شتێك کە لەبیرکراوە، تۆ بیخەیتەوە

کاتێک دەچیتە گوندێکی باکووری کوردستان، دەبینێت خەڵکەکە زۆر هەژارە و خانووەکەی بە کەرپووچە و خەریکە دەڕوخێت، کەچی سەتەلایتی هەیە و کەناڵە کوردییەکان دەکاتەوە.

نێو باسی رۆژانە و قسەی لەسەر بکەی و چارەسەری بۆ بدۆزیەوە. جاران تەلەفزیۆنی کوردی نەبوون، ئەمە 10-12 سالە تەلەفزیۆن دەستیان بە پەخش کردووە، کاتێك (مەدtv) دەستی بە پەخش کرد، لە باکووری کوردستان زۆر تەماشا دەکرا، دوای کوردستان تیڤی و کوردسات کەوتنە کار و ئێستا زۆر بوونە. بەڕاشکاوی دەتوانم بلْێم لە سەدا 70-80 مالْی کوردان تەماشای ئەم کەنالآنە دەکەن. کاتێك دەچیتە گوندێکی باکووری کوردستان، دەبینیت خەڵکەکە زۆر هەژارە و خانوویان بە کەرپووچە و خەریکە دەڕوخێت، کەچی سەتەلایتیان هەیە و کەناڵە کوردییەکان دەکەنەوە.

هەتا لە ناو خۆیان باشەکانیان بە ژمارەی یەکەم و دووەم داناوە، بینەر بە گوێرەی بەرنامە و زمان دەگۆڕێن. لە ژیانی رۆژانەی کورداندا، پەیڤی کوردی سۆرانی لە باکوور خەڵك دەیزانێت، ئەمە بە خوێندن نابێت لە رێگەی رۆژنامە و گۆڤار، بەڵکو بە رێگای تەلەفزیۆن دەبێت. کەواتە کەناڵە کوردییەکانی باشوور لە باکوور تەماشا دەکرێن، پێش 5 سالْ وانەبوو، ئەمڕۆ لە گەلْ 5 سالْ بەر لە هەنووکە زاراوەی سۆرانی لە باکوور سەد قات زێدە بووە. کەواتە ئەمە سوودی هەیە و شتێکی زۆر پۆزەتیڤە، بۆ یەکتر ناسین و لێکنزیکبوونەوە، ئەگەر لە نێوان کوردان پەیوەندی هەبێت مەسەلەی دیالێکت زۆر گرنگ نییە، لە رێگای میدیا و سەتەلایت مرۆڤ زووتر لێکتری حالْی دەبێت، مەسەلەکە ئەلف و بێیە، لەو لایەنەوە تەلەفزیۆنەکانی باشوور رۆڵێکی جددیان بینیوە، بە لاتینی دەنووسن، ئەمەش وا دەکات بینەرانی باکوور و ئەوروپا، کە ئەلف و بێی عەرەبی نازانن، بە ئاسانی تێیبگەن و بخوێننەوە، لە لایەنی پەروەردەشەوە رۆڵێکی جددی هەیە، ئەمە دەستپێکێکی باشی میدیای کوردییە.

*بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و پەخشی ئاڤێستا ئیستەمبۆڵ

# کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

# بێ ڕۆڵ نین و بینەریان هەیە

شیلان سەعید

( ناکرێ وای ببینین کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بێ ڕۆڵن و بینەریان نیە، بەپێچەوانەوە ئەو کەناڵانە خاوەن بینەرێکی زۆرن، کەمن بەش بەحاڵی خۆم ڕۆژانە بۆ ماوەی( 4_7) کاتژمێر سەیریان دەکەم).. ئەمە قسەی (ئەرخەوان جەباری) فەرمانبەرە، ئەو ئاماژەی بەوەکرد، کە زۆر بەکەمی سەیری هەواڵەکان دەکات، ئارەزووش ناکات لە بابەتی سیاسی و ڕۆشنبیری ڕامێنێت، وەك خۆی دەڵی حەز بە سەیرکردنی بەرنامەی تەرفیهی و دراما وکلیپ و گۆرانی کوردی دەکات.
ئەرخەوان گلەیی لە کەناڵە کوردیەکان هەیە، کە زۆر بەکەمی بایەخ بە دراما و زنجیرەی تەلەفزیۆنی دەدەن.
(ئارام عەبدوڵلا)ی قوتابی زانکۆ پێی وایە تەلەفزیۆنە کوردیەکان، کاری باشیان لە قووڵکردنەوەی گیانی لێبوردن و بلاوکردنەوەی هوشیاری نەتەوەیی کردووە، بەلاّم ئەمەش بەو مانای نییە لە کەمووکوڕی بەدەربن، ئارام وایدەبینێت کە کورد پێویستی بە کەناڵی تەلەفزیۆنی جددی تر و کراوەتر هەیە، بەتایبەت کەناڵی بێلایەن، یان جۆرێك لەو کەناڵانەی کە حزبی نین و شوێنی هەموو جۆرە ڕا و بۆچوونێکیان تێدا دەبێتەوە، هەرچەندە ئەو ئەوەشی وت، کە ناکرێ بڵێین تەلەفزیۆنە کوردیەکان لە ڕا و ڕای بەرامبەر و تێڕوانینی جیاواز بێبەشن، بەلاّم پێویستی ئازادی ڕادەربڕین و شەفافیەتی شتەکان، لە پێویستی نان و ئاو کەمترنین.
( ژیان ڕەشید)ی کارمەندی بانك دەڵێ، هیچ نەبێ خەڵك لەڕێی ئەم کەناڵانە لە ڕەوشی کوردستان ئاگادار دەبێ، ئەم کەناڵانە هیچیان نەکردبێ بوونەتە پردی بەیەك گەیاندنەوەی کوردان لە هەر چوار پارچەی کوردستان و هەندەران. ژیان ئەوەشی وت، کە ئەو تەلەفزیۆنانە تاڕادەیەك لەڕووی ناوەڕۆك و جوانکارییەوە لەیەکتر جیاوازن، بەلاّم زیاد لەپێویست کلیپ و شایی و هەڵپەڕکێ بلاّودەکەنەوە، جاری واهەیە هەموو کەناڵە کوردیەکان لەیەك دەچن و دەچیتە سەر هەر تەلەفزیۆنێك گۆرانی و هەڵپەڕکێیە. (حوسین عالی ) کارمەندی سەتەلایتی کوردستان، پێیوایە سەتەلایتە کوردیەکان نەیان توانیووە وەك پێویست شوێنی کەناڵە بیانییەکان بگرنەوە، یان ململانێی ئەو کەناڵانە بکەن، بۆیە کەناڵە بیانییەکان کاریگەرترن لە کەناڵە کوردیەکان. ئەو وای دەبینێ کە سەیرکردنی کەناڵە بیانییەکان تاڕدەیەك زیانی بە کۆمەڵی کوردەواری گەیاندوە، بەتایبەت توێژی گەنجەکان، ئەمەش بۆ سەیرکردنی جۆرێك لە بەرنامەکان، کە لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمە ناگونجێن دەگەڕێتەوە.
(ئەمیر ئەحمەد ) ئەندامی دەستەی کارگێڕی سەنتەری ڕۆشنبیری سۆران، ڕای وایە بەهۆی ئەوەی ئەوانەی ئەرکی بەڕێوەبردن و پێشکەشکردنی پرۆگرامەکانیان لەئەستۆدایە، خاوەن تواناو ئەزموونی ئەکادیمیی نین، بۆیە نەیانتوانیووە وەك پێویست لە جغزی کەناڵی لۆکاڵی دەرباز بن، هەرچەند لە کەناڵێکەوە بۆ کەناڵێکی دیکە جیاوازی هەیە، من لەڕووی بەرنامەی هونەری و تەکنیکەوە (ڕۆژ تیڤی) بە کەناڵێکی باش دەبینم، لە ڕووی ئامادەگیی و شرۆڤەکردنی پرسە سیاسی و کۆمەلاّیەتی ونەتەوییەکانیش (کوردستان تیڤی) بە کەناڵێکی سەنگین دەبینم. ئەمیر ئەوەشی وت، کە لەگەڵ هەموو کەمووکوڕیەکانیش، هەست دەکرێت کەناڵە کوردیەکان پێشدەکەون و پتر ئەزموون وەردەگرن.
(زەینەڵ خەیری) مۆزیکڤان، لەوەلاّمی پرسیاری ئاخۆ کەناڵە کوردیەکان چەند لە میتافۆری ئەو ئاوێنەیە دەچن، کە




ئەو وێنانە چین، کە لە ڕێگەی سەتەلایتەکانەوە دەچنە نێو ماڵەکان؟

تاکەکانی کۆمەڵگا خۆیان لەنێودا دەبیننەوە، ئاماژەی بەوەکرد، کە هەموو چین و توێژێك تاڕادەیەك خۆیان لەنێو سەتەلایتە کوردیەکان دەبیننەوە، بەڵام بەجیاوازییەوە و بەپێی پرۆگرام و برگەکان دەگۆڕێ. زەینەڵ وای دەبینێ، کە گەنجەکان پتر لەگەڵ ڕیتمی خێرا و بەرنامەی دڵخۆشکەرو سادە یەکدەگرنەوە، چونکە ئەم جۆرە پرۆگرامانە مرۆڤ ماندوو ناکەن و چێژیان پێدەبەخشێ. هەرچی ڕۆشنبیرو نووسەرو سیاسی و خەڵکی دەستەبژێریشە، ئارەزوودەکەن سەیری پرۆگرامی ڕۆشنبیری و کولتووری و سیاسی و هونەری بکەن. زەینەڵ سەبارەت بە زمانی سەتەلایتەکان، پێی وایە سەتەلایتی کوردستان لە هەموو کەناڵەکانی دیکە پتر کاری لەسەر زمان و شێوەزار و ڕێنووس کردووە، ئەمەش پێویست دەکات هەموو کەناڵە کوردیەکان کاری زیاتر لەسەر زمان بکەن و لە هەوڵی دروستکردنی زمانی ستاندار دابن.

( شەوقی عارف) شوفێری تەکسییەو پێی وایە، بوونی ئەم کەناڵانە تاڕادەیەك بۆتە هۆی چاوکراوەیی خەڵك و نزیك بوونەوە لە ڕای گشتی، شەوقی گوتی: بۆنموونە جاران کوردانی هەرچوار پارچە لە ڕەوشی یەکتر بێ ئاگابوون، کەچی ئێستا ئاگاداری بچووکترین ڕوودا و تەواوی بارودۆخی یەکترن، وێڕای لەیەکتر نزیك بوونەوەی کوردانی ناوخۆی وڵات لەگەڵ کوردانی ئەورووپاو ئەمریکا. شەوقی بەرنامە سیاسیەکان بەتایبەت ئەوانەی گفت و گۆی جددی لەسەر پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەکەن بە پێویستییێکی گرنگ دەزانێ، چونکە دەبنە هۆیەك بۆ ئاگاداربوونی هەموولایەك سەبارەت زۆر بابەتی زەرووری و پەیوەندار بە کۆمەڵگای کوردستان.

(شەهلا حەسەن) مامۆستا لە باخچەی ساوایان، ئاماژەی بەوەکرد، کە تەلەفزیۆنەکان لە دوو ڕووەوە کاریگەرییان لەسەر منداڵ و قوتابییان هەیە، دەکرێ هەم ڕۆڵی ئەرێنی و هەم ڕۆڵی نەرێنی ببینن، هەرچی تەلەفزیۆنە کوردیەکانیشن تاڕادەیەك ڕۆڵی پۆزەتیڤیان بینیووە. بەتایبەت لەڕێی کۆمەڵێك پرۆگرامی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ناکرێ بڵێین سەد دەر سەد توانیویانە کاریگەرییەکی گەورە لەسەر نەوەی تازە جێبهێڵن. شەهلا ئەوەشی وت، کە دەکرا تەلەفزیۆنە کوردییەکان ئیشی زیاتریان لەسەر منداڵ، گەنج، پەروەردە بکردبوایە، چونکە هیچ شتێك بەقەد تەلەفزیۆن، کە میوانی هەموو ماڵێکە ڕۆڵ و کاریگەری لە گۆڕانی کۆمەڵ نابینێت.

لە وەڵامی پرسیاری ئاخۆ کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکانمان خاوەن مۆرکێکی کوردین، یان دەقاو دەق لاسایی کەناڵە عەرەبی و بیانیەکان دەکەنەوە، لەم ڕووەوە (ڕەشید حەمەدەمین) توێژەری کۆمەڵایەتی پتر لەمەڕ لایەنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی ئەو کەناڵانە دواو پێی وابوو بەپێی تواناو ئەو کەرستە و تەکنیکەی لەبەر دەستە شت کراوە، نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت، کە مێژووی دروستبوونی سەتەلایتی کوردی دە ساڵێکە، بە بەراورد لەگەڵ کەناڵە بیانی و عەرەبییەکانیش جیاوازییەکی زۆری نیە، چونکە بۆخۆی دروستبوونی کەناڵی ئاسمانی لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەوە بوو. کەواشبوو بەپێی ئەزموونی بەردەست شتی باش کراوە، هەرچەند ئەوەش بەو مانایە نیە، کە پێمان وابێ ئاستی پرۆگرامەکانی ئەو کەناڵانە لەو پەڕی باشی دایە، هەقی خۆیەتی بینەر یان خەڵکی بەگشتی چاوەڕوانی زیاتریان لە سەتەلایتەکانیان هەبێ، بەردەوام داوای بەرنامەی تازەتر و کاریگەرتر بکەن. ڕەشید بە باشی دەزانێ، ئەو کەناڵانە بایەخی زیاتر بە پرۆگرامی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بدەن، کار بۆ ئەوە بکەن تاکەکانی کۆمەڵگا لە تێڕوانینی کۆنخوازو نەریتگەریتی دواکەوتووانە، عەقڵیەتی توندوتیژی و یەکتر ڕەتکردنەوە دووربخەنەوە.

(سامان قادر)ی مامۆستای زمانی ئینگلیزی، پێی وایە سەتەلایتە کوردیەکان ئەوەندەی ئەزموون لە کەناڵە عەرەبی و فارسییەکان وەردەگرن، چارێگی ئەوەندە سوود لە پرۆگرامەکانی کەناڵە پێشکەوتووەکانی ئەورووپا و ئەمریکا وەرناگرن، ئەوەی سەرنجی دابێ ئێمە لاسایی دەکەینەوە، من دەڵێم مادامەکێ پێویستیمان بە ئەزموونی خەڵکانی دیکە هەیە، با لاسایی کەناڵی دەوڵەمەند و ئاست بەرزی دونیا بکەینەوە، نەك بچین دەقاو دەق کۆپی هەندێك کەناڵی ئاست نزمی عەرەبی بکەینەوە، سامان ئەوەشی گوت، کە دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ پێگەیاندنی کادری پسپۆر لە بواری میدیا بەگشتی و تەلەفزیۆن بەتایبەتی بکات، ئەویش چ بە هۆی کردنەوەی کۆلێژ وڕاهێنانی پسپۆر لە دەرەوەی وڵات، چ بەهۆی ناردنە دەرەوەی کادرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بۆ ئەوەی لەمەڕ ئەزموونی ڕاگەیاندنی وڵاتانی دیکە کەڵك وەرگرن و ئاستی شارەزایی و چاوکرانەوەشیان زیاتر بێت. ئەو ئەوەشی وت، کە هەندێك کەناڵی پێشکەوتووی بیانی لەبوارەکانی وەك (کۆمەڵایەتی، پەروەردە، خێزان، منداڵ) خەڵکی پسپۆریان هەیەو پرۆگرامی زۆر زیندوو پێشکەش دەکەن، بۆیە هەقە لێرەدا ئێمە سوود لەو کەناڵانە وەربگرین، نەك لە دووبارەکردنەوەی شتی بێسوود. لە بەرسڤی ئەو پرسیارەشدا ئاخۆ تا چەند ئەو کەناڵانە زمانحاڵی کۆمەڵگان و تا چەند لە نێو شوناس و کولتوور کار دەکەن،

(ئیبراهیم عەلی حەمەد) قوتابی خوێندنی باڵا ئاماژەی بەوەکرد، کەناکرێ بڵێین هیچ نەکراوە، جارێ ئەبێ ئەوە بزانین کە تا ئەم دواییە ئێمە تەنها خاوەن سێ کەناڵی کوردی بووین، ئێستاش چەند کەناڵێکی نوێ کراونەتەو و وەك گوێمان لێدەبێ کەناڵی دیکەش بەڕێوەن، ئەوەی مایەی دڵخۆشییە کوردیش بەهۆی ئەم کەناڵانە دەنگ و ڕەنگی دەبێ و کێشە و نەهامەتیەکانیشی تەنها لە لای خۆی نامێننەوە و لەڕێی ئەو شاشانە دەپەڕنەوە لای خەڵکی دیکەش، نکۆڵیش لەوەناکرێت، سەتەلایتە کوردیەکان دەورێکی باشیان لە تۆخکردنەوەی پرسە سیاسی و نەتەوەییەکاندا هەبووە، زۆرجار توانیویانە یەك دەنگییەك لەسەر هێندێ لە کێشەکان دروست بکەن، بۆنموونە دروستبوون و یەك دەنگی شەقامی کوردی بەرامبەر نیازی تورکیا بۆ لەشکرکێشی سەر کوردستان، هەروەها مەسەلەی کەرکوك و پرسە سیاسیەکانی ئەم دواییەی نێوان سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و کوتلەکانی دیکەی عێراق.

# پشووی کۆوار

پشووی کۆوار




- فیلم و بینەر



- کتێب و خوێنەر



**دیار دێرسم:**

**ئیبراهیم تاتلیساز خۆی رەزیل کرد**



**ئەستێرە بێ رەنگەکانی رۆژ**







**ماڵێک لە سێبەری هونەر**

# کتێـــب و خـوێنـــەر

بۆ ئاگاداربوون لە ئاستی پێشوازی کردنی خوێندەوارانی کورد لە کتێب و کاریگەریان، (کۆوار) لە هەر ژمارەیەکیدا لەچەند خوێنەرێکی کتێب دەپرسێ، بەلای تۆوە پڕ بایەخترین و جوانترین دێڕ، کە لەدواین کتێب بەرچاوت کەوت چییە؟



*** ئازار حەمەد (قوتابی زانکۆ):**

_ ( ئاشنا بوون بە دیموکراسی) دواین کتێب بوو، کە خوێندمەوە، ئەو کتێبە لەلایەن عەباس عەلی سەحافیان بەزمانی ئینگلیزی نووسراوە و لە لایەن کارزان عەلی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا سەرنجی منی راکێشا ئەو پەرەگرافە بوو، کە دەڵێت: (لە کولتوری ئەو سەردەمی دانیشتوانی ئەسینای کۆندا، خەڵك بەپێی لێهاتوویی و شایستەی خۆیان دەگەیشتنە پلە جۆراو جۆرەکانی حکومەت، هەرگیز پەیوەندی بنەماڵەیی و خزمایەتی و گرووپیی، هەلی پەسند کردن نەبوون لە کاروباری دەوڵەتدا)، ئەمەش ڕێك پێچەوانەی ئەمڕۆی کوردستانە.

*** کوردۆ شەمزینی:**

_ دواین کتێب کە خوێندمەوە، پەرتوکێکی مێژوویی ( رزگاری نیشتیمانی کوردستان)ی دکتۆر عەزیز شەمزینی بوو، ئەو پەرەگرافەی بۆ من بووە مایەی تێڕامان، کە نووسەر لە کورتە سەرنجێك بەم جۆرە دەری دەبڕێت:( نووسەرە بێگانەکان لەبارەی کاروباری کوردەوە زۆریان نووسیووە، بەلاّم لەراستیدا نووسەرە رۆژهەلاّتناسە بەویژدان و راستگۆکان زۆر بەکەمی لە مێژووی گەلی کوردستانیان کۆڵیووەتەوە، ئەوانەی نووسراویشن زۆربەیان مۆرکی زانستیان وەرنەگرتووە و پتر لە ریپۆرتاژی رۆژنامەگەری و کۆمەلاّیەتی و سیاسی دەچن. هەرچی نووسینی دەوڵەتە داگیرکەرەکانیشە، مۆرکی کۆنەپەرستی و شۆڤینیزمی پێوەدیارە، ئەم نووسینانەش لە رووی زانستییەوە هیچ نرخێکیان نیە، چونکە ئەرکی سەرەکییان چەواشەکردنی خوێنەران و پڕوپاگەندە کردنە دژی گەلی کورد.

***نەریمان عەبدولواحید( فەرمانبەر):**

_ ئەو کتێبەی، کە دواین جار خوێندمەوە نامەیەکی دکتۆرایە، بەناونیشانی( البحث الدلالی فی کتاب سیبویة) لە نووسینی( د. دڵخۆش جاراللە دزەیی) لە زانکۆی سەلاّحەدین، کە لەبەر گرنگییەکەی چاپکراوە، ئەوەی سەرنجی لا دروستکردووم(سیبویە)یە، کە بەبڕوای زۆرێك لە زانایان کورد بووە و بناغەیەکی بەهێزی زمانی عەرەبی دامەزراندووە. سەیر دەکەین پاش تێپەڕبوونی ئەم هەموو ساڵە کوردێك دێت و بەشێوەیەکی سەردەمیانە لێکۆڵینەوە لە سەر پەرتووکەکەی ( سیبویە) دەکات. پێموایە هیچ عەرەبێك لەم بوارە نەیتوانیووە، لێکۆڵینەوەیەکی بەم شێوەیە ئەنجامبدات.

*** دڵشاد میراودەلی ( شاعێر):**

_ لە کتێبی( حزب و حکومەت.. گەنج و بەشداری سیاسی) لە نووسینی (ئاوات عەبدوڵلاّ) کە بەم دواییە خوێندمەوە، کۆمەڵێك چەمك و دەستەواژەی فیکری و سیاسیم سەبارەت ڕەوشی ئەمڕۆی گەنجی کورد بەرچاوکەت، بەتایبەتی قسەکردن لەمەڕ ئەو گەنجانەی بەدوای مانشێتی بریسکەدار کەوتوون و ڕێڕەوی راستەقینەی گەنجانەیان ونکردووە.

*** فەلاح سەعید ( فەرمانبەر):**

_ کتێبی (مێژووی دونیای کۆن) لە نووسینی( فیۆدۆر پیترۆفیچ کرۆفین)م بەم دواییە خوێندەوە، باسی ئیمپراتۆریەتی رۆم دەکات، ئەوەی بۆ من مایەی سەرنج بوو، ئیمپراتۆریەتی رۆم هەرچەند خوێنڕێژ بوو، بەلاّم لە سیستەمی حوکمڕانی ئەوکاتی رۆمەکان، ئەنجوومەنەکانی پیران و نوێنەران و ڤیتۆیان هەبووە، ئێستاش لە ئەمریکا بە هەندێك گۆڕانکارییەوە سیستەمی ئەوسای رۆمەکان پەیڕەو دەکرێت. بایەخی ئەم کتێبە وایلێکردم ئەم کتێبە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی.

**رزگار عەبدولقادر ئیسماعیل( مامۆستا):**

دوایین کتێب کە خوێندمەوە ( روانگە و یاران و نەیارانی) لە ئامادەکردنی( حوسێن عارف) بوو، کە لەمیانەی خوێندنەوەیدا بە مێژووی دەسپێکی ڕوانگە و ململانێی نووسەر و شاعیرو رەخنەگرانی کورد لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی رابردوو ئاشنا بووم.

# فیلم و بینەر

سینەما کە بە هونەری حەوتەمیش ناوەزەد دەکریٚ، ئەو هونەرە مەزنەیە کە دەتوانیٚت گەورەترین رووداوو چیرۆك و بەسەرهات لە زەمەنە جیاوازەکان بە ماوەیەکی دیاری کراو بخاتە بەر بینین.. ئەمە چجای ئەوەی کە ریٚگایەکە بۆ پیشەسازی و بە گرتەکانی دونیای سەرسام کردووە.. بۆیەش گوتراوە یەکیٚك لە کۆڵەگە گەورەکانی شارستانی سینەمایە.
ئیٚمە لیٚرە هەرجاریٚ رووی بۆچوون دەدەینە کۆمەڵیٚك بینەری فیلم و دراماو سینەما، ئاخۆ لەو مانگەدا کامە فیلم لە کۆی ئەو فیلمانەی، کە بینیویانە وەك باشترین فیلم هەڵدەبژیٚرن و بە کام ئەکتەرو گرتە سەرسام دەبن؟

بەلای (کاروان محەمەد)ەوە (کیسەڵەکانیش دەفڕن) ی بەهمەنی قوبادی، وەك باشترین فیلمی سینەمایی، کە لەو مانگەدا بینیویەتی هەڵدەبژیٚری و بەبڕوای ئەو کارەکتەرە نابیناکە جوانترین گرتەی فیلمەکەیە، ئەمە چجای ئەوەی ئەو فیلمە بەسەرهاتی میللەتی کورد دەگیٚڕیٚتەوە.

بەلای (خەلیل جەوهەر) سیٚ بەشەکەی (سید الخواتم) باشترین فیلمە تا ئیٚستا بەرهەمهاتبیٚ و بەلایەوە وەك جوانترین فیلم هەڵدەبژیٚریٚ کە لە تەمەنیەوە بینیبیٚتی.. ئەو دەیگوت ئەم فیلمە سینەماییە هەم وەکو داستان، هەم وەکو رەگەزەکانی سینەما( نواندن و کامیٚڕاو مۆسیقا و مۆنتاژو ئیٚکسسوارو..تاد) باشترین کاری لەسەر کراوە، ئەمە ویٚڕای ئەوەی کە پیاو ئەو فیلمە دەبینیٚ هەست دەکات هیٚشتا کەسانیٚك ماون لەبەردەم نەمانی شەڕ دەجەنگن و (پیتەر جاکسۆن)ی دەرهیٚنەری فیلمەکە سەرکەوتوو بووە لە دەرهیٚنانی فیلمەکە،، هەروها خەلیل گوتی (پیاو لە ژیانی بتوانیٚ کاریٚکی لەو جۆرە بکات بەسیەتی بۆ ئەوەی ببیٚتە جیٚگای شانازی).



(چنار حوسیٚن) کە قوتابی زانکۆیە، (ژەنیاری قەیسارە) وەك یەکیٚك لە فیلمە جوانەکان دەژمیٚریٚ و بەلاشیەوە (نیکۆلاس کەیگ)ی پاڵەوانی فیلمەکە ئەکتەریٚکی لیٚهاتووەو سەرکەوتووە، سەبارەت بە جوانترین گرتەی فیلمەکەش، چنار سەرەتای فیلمەکەی لە هەمووی پیٚ جوانترو پڕ گوزارشتر بوو کە تیایدا سوپا بە چەکەوە دەچنە نیٚو شارەکە، بەلاٚم (نیکۆلاٚس کەیگ) وەك ئەفسەریٚکی ئەو سوپایە بە (ئامیٚری قەیسارە)ەوە بە نیٚو سوپاکە ڕیٚ دەکات.




بەلای (رەهەند محەمەد ئەمین)ەوە ، (چیای زیٚڕین) جوانترین فیلمی رۆمانسیە، کە لەو ماوەیەدا بینیوویەتی.. رەهەند دەڵیٚت لەو فیلمە فیٚری چاوەڕوانی دەبین، ئەمە جگە لەوەی کە خاوەن ئیرادەیەکی مەزنە.. هەروها سەبارەت بە جوانترین گرتەی فیلمەکە گووتی( ئەو کاتەی کە قەرەجەکان مۆسیقا دەژەنن و سەما دەکەن) قەشەنگترین ساتەکانی فیلمەکەن و (نیکۆڵ کیدمان)ی ژنە ئەکتەرو ئەستیٚرەی سینەمایی، کە لەو فیلمە رۆڵی پاڵەوانەکە دەبینیٚت، چیٚژی زیاتری بە فیلمەکە بەخشیووە.



# نامە

بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی کەسێك بۆ یەکێکی تر..یان درکاندنی نهێنی و هەقیقەت و رووی پرسیارو بابەت گەلی پەیوەندار لەنێوان دووکەس،( کۆوار ) هەرجاریٚ( نامە، یان پتر لە نامە )یەك بلاٚودەکاتەوە.. هەر لێرەشەوە ئاگاداری خوێنەران دەکەینەوە، کە دەتوانن بەناردنی نامەکانیان ( ئینجا هەرکەسێکیان مەبەست بیٚ بۆی بنێرن ) بەشداری لەم گۆشەیەدا بکەن.

## نامە بۆ مێژوو

**رەهبەر سەدیق**

زۆربەی بابەتەکانی هەرسیٚ ژمارەی (کۆوار)م بەوردی خوێندنەوە، لە راستیدا دوای خوێندنەوەی هەر ژمارەیەك خۆشحالٚ بووم، ئاخر لە دەڤەرێکی تارادەیەك دابڕاو و دوورە پەرێز لە بزوتنەوەی رۆشنبیری و رۆژنامەوانی شارە دیارەکانی کوردستان، بوونی گۆڤارێکی لەم چەشنە بۆخۆی جێی هەڵوەستە و قسەکردنە.

کاتێک ئەوەشیان پێوتم کە (کۆوار) بەم چەند ژمارەیەی توانیوویەتی خوێنەرێکی زۆر بۆخۆی پەیدابکات، ئەوەندەی دیکە شادمان بووم، ئەمەش وایلێکردم بە ستافی کۆوار بڵێم، دەستتان خۆش و چاوەڕێی کۆششی جوانتر و پێشووەچوونی بەرچاوتری گۆڤارەکەتان لێدەکەم، هەرچەند( کۆوار) لە دەستپێکی تەمەنیدایە، بەلاٚم رێچکەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشی گرتۆتەبەر. ئەوەی لە هەمووشی دیارتر تەرخانکردنی پانتاییەکی باشە بۆ قەڵەمی تازە و بابەتگەلی کۆمەلاٚیەتی و رۆژنامەوانی. ئەو مەلەفەی لە هەر ژمارەیەکیشیدا ئامادەی دەکات، کارێکی فرە خاسە. چونکە وروژاندنی بابەت یان پرسێکی پەیوەندار بە دنیای روناکبیری کوردی و کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی، لە گەلێک رووەوە پێویست و پڕ بایەخە.

ئەوەی زۆر جاریش سەرنجی راکێشاوم بلاٚوکردنەوەی نامەی خوێنەرانە، ئەدەبیاتی نامە شتێکی تازە نییە، هەر لەوەتەی نووسین پەیدابووە و دواتریش بواری رۆژنامەنووسی پەرەی سەندووە، نامە گۆڕینەوە، یان نووسینی نامە لەیەکێك بۆ یەکێکی دیکە هەبووە. ئەمڕۆش راستە ئینتەرنێت، یان مۆبایل تاڕادەیەکی زۆر شوێنی نامەی گرتۆتەوە، وەلیٚ بلاٚوکردنەوەی نامە، چ مێژوویی، چ هەنووکەیی، لەسەر رووپەڕی رۆژنامە یان لاپەڕەکانی گۆڤار، تام و چێژی خۆی لەدەست نەداوە. ئەوەی (کۆوار)یش لەژمارە(3)یدا لەمەڕ نامە رایگەیاند، کارێکی باشە و لەجێی خۆیدایە. بلاٚوکردنەوەی نامە لە ڕوویێکەوە خوێنەر تام و چێژی لێوەردەگریٚ، لە ڕووەکەی تریشەوە ڕەنگە بچێتە خانەی ئەدەبی نامە نووسین و لە مێژووی ئەدەبیاتی نامە نووسینیشدا سوود بەخش بێت. بە هیوام (کۆوار) هەمیشە لە بەرگ و فۆرمێکی ڕازاوە و ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەند دەربکەوێت.

## بیرەوەریەکانت لە پەلکە زێڕینەیەك دەچن

خۆشەویستم رۆزا ......

سلاٚو

ئەی خاوەنی ئەو هەستە ناسك و پاکەی هەمیشە لە ناخمدا لێدەدەی، دەمێکە ئەمەوێت ئەم نامەیەت بۆ بنووسم، هەرچەند ئەم رۆژانە خەریکە پاشگەز دەبمەوە لە نووسینی نامەکەم و ئێستا بە جۆرێك لە دوو دڵی خەریکی نووسینی ئەم چەند وشەیەم..

بەلاٚم هیچ نەبێت ئەمانە هەستی منن بەرامبەر بە تۆ..

ئازیزم ..

ئەوەی راستی بێت هەفتەیەك دوای ئەو رۆژەی بۆ یەکەم جار تۆم بینی ... هەستم کرد، ئەو سیٚ دوو رۆژەی تەمەنم بە فیڕۆ چووە، کە تۆم نەناسیووە ... ببوورە درەنگ هاتم.

تۆ ئەو خونچە ناسك و جوانە بوویت، کە هەمیشە لە خەیاڵی خۆمدا بیرم لێدەکردیەوەو وێنام کرد بووی ..

هەناسەم...

پێکەنینەکانت هێندە جەرگ برن، هەرگیز برِوا ناکەم رۆژێك بە دلٚ رِقم لێت ببێتەوە، چونکە لە سەیرکردنی تۆ فێربووم جوانیەکانی ژیان ببینم، بەلاٚم بیریشت نەچێت تۆ ژیانی منت لە خۆشی و پێکەنینەوە کردە بیرکردنەوەیەکی قوولٚ و زۆر جاریش گریان.

هەرگیز برِوا ناکەم بتوانم خۆشی لەو هێندە تەمەنەم بکەم، کە ماومە.... ئەڤینت هێندە بە بیٚ ویژدانی ناسۆری کردووم، مەگەر تەنها کۆتایی ناسۆریم مەرگم بێت.

ئازیزم.....

خەم و بیرەوەرییەکانت ، شیرینترین یادگارەکانی منن ، کاتێك قوولٚ لە تۆم دەڕوانی پێت دە وتم چیە .. وەك بڵێی مرۆڤت نەدیوون؟ منیش پێم ئە وتی زۆر مرۆڤم دیوون، بەلاٚم لە جیاتی ئەوەی جوانی ئەم مرۆڤانە بەرچاوم روناك بکاتەوە، وەك تیغ نیهادیان برِیووم .. بەلاٚم تۆ بەپێچەوانە بەرچاومت رووناك کردەوە، ئەوسا تۆش پێت ئەوتم: کەوایە چاوت روون.

ئازیزم ئەمەیان جوانترین یادگاریتە لەلام مابێتەوە، هەرگیز بەخەیاڵیش بیرم لەوە نەکردۆتەوە، رۆژێك بێت رووخساری شیرینت، لەبەر چاوم قێزەون بێت، لەگەلٚ ئەوەی ئەم چەند رۆژە لێت تێناگەم و نازانم چۆن بیر ئەکەیتەوە.

خـــــۆشەویـــــــــــــستم...

واپێدەچیٚ نەتوانم لەمە زیاتر بۆت بنووسم، چونکە فرمێسکەکانی من کەوەك نەرمە بارانێکی بەهاران لەگەلٚ زەردەی هەتاوی بیرەوەریەکانت تێکەلٚ بوونە و بەبەرچاوم لەپەلکە زێڕینەیەك دەچن.

**ماڵئاوا** .....

**هانا**

# نارین فەقێ:

## هەر هونەرمەندێك فۆلكلۆری خۆی نەناسێ، لەبنەڕەتدا هیچ نازانێ

**كچە گۆرانیبێژی كورد (نارین فەقێ) دەنگێكی دیاری ژنانەیە، ئەو بەكارە هونەریەكانی خۆی سەرنجی جەماوەرێكی زۆری بەلای خۆی ڕاكێشاوە، سەبارەت بە ژیانی هونەری خۆی و دوا پرۆژەكانی، ئەم چەند پرسیارەمان ڕووبەڕوو كردەوە:**

**سەعدوڵلا عەبدوڵلا_ ئەڵمانیا**

***نارین فەقێ، كێ یە؟**

– من نارین فەقێ، لەساڵی 1980 لە شاری (دێریكا حەمۆ) لە ڕۆژئاوای كوردستان لەدایك بووم، نزیكەی( 15 ) ساڵە كوردستانم جێهێشتووە، ئێستاش لە پایتەختی سوێد (ستۆكهۆڵم) دەژیم.

***لە چ كاتێكدا هەستت كرد بەهرەی دەنگ خۆشیت هەیە؟**

– من لەمنداڵییەوە، حەزم لە دەنگبێژی دەكرد، بۆ خۆم لە خانەوادەیەكی هونەر دۆستم، باپیرم یادی بەخێر (ئەحمەد فەقێ حەسەن)، هونەرمەندێكی باش بوو، دواتر باوكیشم لە (14) ساڵییەوە گۆرانی وتووە، كە تائێستا بەردەوامە و بەناوی (جودی) ناسراوە.

***باوكت زیاتر ئارەزووی دەكرد گۆرانی فۆلكلۆری بڵێیت، یان لە مەیدانێكی تری هونەری كاربكەی؟**

–من لێرەوە دەمەوێت شتێكی گرنگ بڵێم، فۆلكلۆر شتێكی بنەڕەتییە، گەرەكە هەموو هونەرمەندێك، فۆلكلۆر بناسێ، هەر هونەرمەندێك فۆلكلۆری خۆی نەناسێ، ئەوا لە بنەڕەتدا هیچ نازانێ.

***باسی پشتیوانی باوكت كرد بۆ ئەوەی تۆ بێیتە نێو دونیای هونەرەوە، یەكەم گۆرانیت كە تۆمارت كرد بە تەنیا بووی، یاخود لەگەڵ باوكت بووی؟**

– یەكەم ستران، كە تۆمارم كرد لەگەڵ باوكم بەناوی (دلبەرێ) بوو، لە شیعری شێخ مەمدوح بریفكانی و ئاوازی سەعدی بریفكانی بوو.

***دوای ئەمە بەنیاز نیت لەگەڵ باوكت بەردەوامی بەكاری هونەری بدەی، یاخود بەجیا و هەریەكەو شێوازی تایبەتی خۆی دەبێت، گۆرانی ترتان لەبەردەستان دایە بەیەكەوە بڵێن؟**

– ئەو گۆرانیەی پێكەوەمان گوت، باوكم پێویستی بەهاوكاری هەبوو، بۆیە هاوكاریم كرد، خۆشم ئارەزووم لەو گۆرانیە دەكرد و كلیپمان كرد، بەڵام دوای ئەوە، دەمەوێ بەتەنیا بم و باوكیشم مەبەستیەتی گۆرانی سەربەخۆ بڵێم و بەتەنیا بم و هاندەریشم بووە لەم كارەمدا.

***لەماڵباتی ئێوە تەنها تۆ ستران دەڵێی، یاخود خوشك و براكانیشت گۆرانی دەڵێن؟**

–بەداخەوە، هەرچەندە خوشك و براكانم دەنگیان زۆر خۆشە، بەڵام ئەوان گۆرانی ناڵێن و من بەتەنیام.

***یەكەم گۆرانیت لەسەر شانۆ، یاخود رادیۆ، یان تەلەفزیۆن كەی بوو؟**

–یەكەم جار لە ساڵی 2003 بەشداری پێشبڕكێیەكم كرد، كە (یەكێتی جوانانی كورد) لە سوید ئامادەی كردبوو، تیایدا چەندین گەنج بەشێوەی گرووپ گۆرانیان وت و هەر كەسە و سترانێكی خۆی گووت. لە پێشبڕكێیەكەدا بڕیار وابوو، ئەوەی خەڵاتی یەكەم بەدەست بهێنێ، گۆرانییەكی بۆ تۆماربكرێت، باوكم داوای لێكردم بەشداری بكەم، ئەوەبوو بە سترانا (دلبەرێ) بەشداربووم و خەڵاتی یەكەمم بەدەست هێنا.

***یەكەم گۆرانیت بۆ كام تەلەفزیۆن گوت، بەشێوەی كلیپ بوو، یان كۆنسێرت، یاخود بەرنامەی میوانداری بوو؟**

– یەكەم گۆرانیم كلیپێك بوو لە (ڕۆژ تی ڤی).

***چ رادیۆیەك بوو یەكەمین چاوپێكەوتنی لەگەڵ كردی؟**



– رادیۆی (زایەڵە) لە سوید.

***یەكەم كەس كە وێنەت لەگەڵ گرت؟ هەستت بە چی كرد؟**

– یەكەم وێنەم لەگەڵ هونەرمەندان (شڤان پەروەر) و (دڵشاد محەمەد سەعید) گرت، ئەوان وەك ناوبژیوان لە پێشبڕكێی سوێد ئامادەببوون.

*** یەكەم سیدیت چی بوو، كێ هاوكاری كردی؟**

– یەكەم سیدی كە خەڵاتی یەكەمم پێیوەرگرت و سودم لێ وەرگرت سینگلل بوو، كە چەند گۆرانییەكم تیایدا تۆماركرد، بە ناوەكانی (نالینەك تێ گوهێ من، تۆبە، سێڤێ) بوو.

***دەكرێ باسی ئاواز و هۆنراوەكانی ئەم سیدیە بكەیت؟**

نالینەك تێ گوهێ من، شیعری (جگەرخوێن)ە و ئاوازی (محەمەد شێخۆ)یە.

تۆبە، ئاوازی خۆشناو تێلۆیە و لەگەڵ هونەرمەند (حەسەن) ئامادەمكردووە.

سێڤێ، پەیڤی (جگەرخوێن)ە و ئاوازی (ڕۆستەم حاجۆ)یە.

# دیار دێرسم:
# هێنانی ئیبراهیم تاتلیساز بۆ باشووری کوردستان هەڵەیەکی گەورە بوو



ئەگەرچی یەکەم جارە دیار دێرسم دێتە باشووری کوردستان، وەلیٚ لە ڕێی کۆنسێرت و کلیپ و کارە هونەریەکانی خاوەن جەماوەرێکی بیٚ ژمارە، ئەو پێشوازیە گەرمەش، کە لێیکرا ئاماژەیەکە بۆ پتەوی پەیوەندی کوردانی باشوور لەگەڵ هونەرمەندانی باکور و پارچەکانی تر، لەنێویشیاندا (دیار) پێگەیەکی بەرچاوی گرتووە. (کۆوار) بەم چەند پرسیارە هونەرمەندی ناوبراوی هێنایە ئاخاوتن.

نهان حازم شێروانی

***هەستت چییە بەرامبەر هاتنت بۆ کوردستان؟**

– پێش هەموو شتێك من وەکو کوردێك و وەك هونەرمەندێك، بۆ یەکەم جارە دێمە ولاٚتەکەم، باشووری کوردستانی ئازاد، بەڕاستی من زۆر خۆشحاڵ بووم و سەربەرزم، کە گەلەکەمان لێرە بە ئازادی دەرفەتێکی گەورەی بەدەست هێناوەو بەرەو ئازادی هەنگاو هەڵدێنن، دەرفەت لە پێناو ئازادی بەکاردێنن، من ڕەوشی ئەوان دەبینم کە بەرەو باش دەڕوات خوازیارم هێشتا باشتریش دەبێت، من زۆر پێی سەربەرز و دڵشادم.

***وەك دەزانین لەسەر داوای کۆمپانیای کۆڕەك تیلیکۆم هاتووی بۆ کوردستان، بە مەبەستی سازکردنی کۆنسێرت، کاتێك ئەم داوایەتی پێگەیشت هەستت بە چی کرد؟**

– پێش ئێستاش چەند داوەتنامەیەکم ئاراستە کرابوو بۆ ئەوەی سەردانی باشووری کوردستان بکەم، بەلاٚم ئەم داوەتنامانە بە جددی نەبوون، واتە ڕەسمی نەبوون. ئەمە جاری یەکەمە و سوپاسی (کۆڕەك تیلیکۆم)یش دەکەم، کە بەشێوەیەکی ڕەسمی و پرۆفیشناڵ و ئۆرگانیزیکی باش کرا، من زۆر شادمان بووم، من بەرەو هەر پارچەیەکی ولاٚتەکەم بڕۆم زۆر دڵشاد دەبم و ناتوانم هەستم دەرببڕم، بەلاٚم بیٚ ئەندازە خۆشحاڵ دەبم، کاتێك گەلەکەم دەبینم و ئێمە گۆرانی و دڵمان بۆ ئەوان دەکەینەوە و کاتێك یەکتریش دەبینین، پێکەوە گۆرانی دەچڕین. کاتێك من بڕیارمدا سەردانی باشووری ولاٚت بکەم، بیٚ ئەندازە خۆشحاڵ بووم.

*** بە پێی ئەوەی ئەزموونێکی زۆرت لە هونەرو لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستان بەهەموو پارچەکانیەوە هەیە، ئەگەر بەراوردێك لە نێوان هونەر و گۆرانی باشووری کوردستان و باکووری کوردستان بکەیت؟**

– ئێمە دەزانین کە ڕۆشنبیری و هونەری کوردی بە تایبەتی گۆرانی کوردی، زۆر بەتین و دەوڵەمەندە، لە باکوورو لە باشووریش بە هەمان شێوە، ئێستا من پێم وایە لە باکووری ولاٚتەکەم هونەر و کولتووری دوژمنانی کورد (تورك) لە هونەر و کولتووری کوردی پتەوتر و پێشکەوتووتر نییە، گۆرانی کوردی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر گۆرانی ئەوان. ئەوان هەموو گۆرانیەکانی ئێمەیان بردووە یان دزیوە، تەنها وشەکانیان گۆڕیوە بۆ سەر زمانی خۆیان، بەلاٚم بە بۆچوونی من لە باشووری کوردستانیش، لێرە مۆسیقا و گۆرانی عەرەبی کاریگەری خۆی هەیە لەسەر مۆسیقا و گۆرانی کوردی. دەبینین لە باشووری ولاٚت پەیمانگای ئەکادیمی تایبەت بە میوزیك و گۆرانی کوردی هەیە، بەلاٚم من هەندێك مەترسیی دەبینم. هونەرمەندانی باشووری گەورە دەیانەوێت لاسایی و تەقلیدی هونەرمەندانی تورك و عەرەب بکەنەوە، من پێم وایە ئەمەش زیانێکی زۆر بە گۆرانی کوردی دەگەیەنیٚ، هیوادارم لە ئایندەدا ئەوانەی لاسایی دەکەنەوە کەمێك دوور بکەونەوە، بەمەش هونەر و گۆرانی کوردی پێش دەکەوێت.

## هونەری کوردی لە هونەری داگیرکەرانی کوردستان ڕەسەنترە.

*** باسی کاریگەری گۆرانی و هونەری عەرەبی لە باشوور و ڕۆژئاوا و فارسی لە ڕۆژهەلاٚت و تورکی لە باکووری کوردستانت کرد، ڕادەی**

# له تورکیا گۆرانی تورکی کەوتۆتە ژێر کاریگەری گۆرانی کوردی، بەڵام لە پارچەکانی تر بەپێچەوانەوە



**زیانی ئەمە چەندە بۆ هونەر و میوزیك و گۆرانی كوردی، چارەسەرەكانی ئەم كێشەیە لە چیدا دەبینیەوە؟**

– من دەڵێم لە باكووری كوردستان گۆرانی كوردی كاریگەری خۆی هەیە لەسەر گۆرانی توركی، نەك بە پێچەوانەوە، بەڵكو هونەر و گۆرانی توركی وەك هی ئێمە رەسەن و پتەو نییە. كولتوور و هونەر و گۆرانی كوردی لەسەر پشتی ئەسپ و گوێ درێژە، واتە وەك هونەری كوردی رەسەن نییە. بەڵام بەداخەوە دەڵێم لە باشووری كوردستان فارسی كارتێكردنی خۆی هەیە لەسەر گۆرانی كوردی، لە باشووریش عەرەبی كارتێكردنی خۆی هەیە، بەڵام ئەم بارودۆخە لە باكووری كوردستان جیاوازە. مەبەستم ئەوە نییە كەمن ستایشی باكوور بكەم. هونەر و كولتووری توركیا وەك هونەر و كولتووری عەرەب و فارس نییە، هونەر و كولتووری توركیا لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانم بڵێم هونەرێكی بەهێزە، ئەوان هەمیشە گۆرانییان لە دەوروبەری خۆیان دزیووە، بۆیەش گۆرانی كوردی زۆر كاریگەری هەیە لەسەر گۆرانی توركی.

***چی بكەین بۆ ئەوەی گۆرانی كوردی لە ژێر كاریگەری گۆرانی عەرەبی و فارسی و توركی دەربچێت؟**

– ئەمە پێویستی بە خەبات هەیە، خەباتكردن لە لایەنی زانستی و هونەری و ئەكادیمی، گرنگە هونەرمەند كولتووری كوردی و هونەری كوردی باش بخوێنێت، پێویستە كولتوورەكەمان زیندوو بكەینەوەو مێژوومان بناسین، نەك لاسایی بكەینەوە، ئەگەر ئێمە بەدوای لاسایی دابچیین، ئێمە ناتوانین ئەم كاریگەریە لاببەین.

***بێ دەوڵەتبوونی ئێمە و نەبوونی قەوارەی سەربەخۆی كوردی كارێكی وایكرد كە زۆرێك لە گۆرانی بێژەكانمان كە بەرەگەز كوردن، بەڵام كەوتوونەتە ژێر كاریگەری كولتووری داگیركەرانی كوردستان و گۆرانی بەزمانی ئەوان دەڵێن، ڕات چییە لەم بارەیەوە؟ بیرو بۆچونت بەرامبەر بە هونەرمەند ئیبراهیم تاتلیساز چییە؟**



# ئەگەر لە لاسایی کردنەوە دوور نەکەوینەوە، ناتوانین کاریگەری هونەری بیانی لەسەر هونەری کوردی لاببەین.

– من ناتوانم بڵێم ئیبراهیم تاتلیساز هونەرمەندێکی کوردە، ئەو هونەرمەندێکی تورکە و دەنگیشی خۆشە، ئەویش وەك گەلێك کوردی تر، کە بەرەگەز کوردبوونە، بەڵام هیچ خزمەتی کوردیان نەکردووە. ئیبراهیم تاتلیسازیش یەکێکە لەوان و دەنگ و گۆرانیەکانیشی زۆر خۆشن، من خۆشم زۆر حەز بەدەنگی ئەو دەکەم، بەڵام ئەگەر لایەنە نەتەوەییەکەی وەربگرین کە تۆ وەك کوردێك ئەم پرسیارەم لێدەکەی، من دەڵێم سەت حەیف و مخابن، هەروەك زۆر کەسی تر کە کوردبوونە و شارەزابوونە لە زۆر بواری تر و دەیانتوانی خزمەتی ئەو لایەنە بۆ کورد بکات، بەڵام تاتلیساز کاتێك داوەت کرا بۆ باشووری کوردستان و هاتە ئێرە، ئەو وتی من تورکم و ئاڵای تورکیای لەتەنیشت خۆی دانابوو. بەڕاست ئەمە شتێکی زۆر عەیب و شوورەیی بوو بۆ ئیبراهیم تاتلیساز، من دەتوانم بڵێم زۆر خۆی بچووك کردەوەو خۆی رەزیل کرد. سەرەڕای ئەمەش تەنانەت داوەتکردن وهێنانەکەشی من زۆر بە هەڵەی دەزانم. شتێکی تریش کە من لێرە لە باشوور تێبینیم کردووە، ئەویش ئەوەیە کە هەندێك خەڵك حەز لە هەندێك گۆرانی و هونەرمەندی تورك دەکەن، ئەمە مەترسییەکی زۆر گەورەیە، لەدوارۆژدا ئەمە دەبێتە هۆی لاوازی و خراپبوونی کولتوور و هونەرکەمان. باشە بۆ حەز لە کولتوور و هونەری خۆتان ناکەن؟ لەوانەیە کەموکوڕی لە هونەر و هونەرمەندانی ئێمە هەبێت و بەرهەمی زۆر باش وەبەربهێنن، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە گوێگر حەز لە گۆرانی کوردی نەکات، من ئەم کارە بە کارێکی مەترسیدار دەزانم.

***ڕۆڵی راگەیاندن لە باشووری کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی لەلایەنی هونەری و کولتووریەکەی؟**

– لە کوردستان تەلەفزیۆن و رۆژنامە و چاپەمەنی و دەزگا هەیە، ئەمە کارێکی پیرۆزە، من هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم و پەنابەخوا باشتریش دەبن. کەموکوڕی هەیە، بە تایبەتی کەموکوڕی لە ڤیدیۆ کلیپ و هەندێك کاری هونەری تردا، لە تەلەفزیۆن زۆر کەموکوڕی هەیە، رەنگە قەدەغەکردن هەبێت، قەدەغەکردن کارێکی باش نییە، قەدەغەکردن ئەلتەرناتیڤ نییە، پێویستە هەڵبژاردن لە بەرهەمەکان هەبێت، بەرهەمی سەقەت و خراپ، بەرهەمی باکتیڤ و ئەرزان دروست دەکرێ، ئەوانەی کلیپی سەقەت و ئەرزان دروست دەکەن پێویستە رێیان لێبگیرێت، چونکە ئەم جۆرە کلیپانە رەنج و مافی کەسانی بەتوانا بەفیڕۆ دەبات. هەندێك کەس بەرهەمی خراپ دروست دەکەن، ئەم تەلەفزیۆنانەش ئەم بەرهەمە خراپانە بلاْودەکەنەوە، ئەو کاتە هونەرمەندی بەتوانا خۆی ماندوو ناکات و ساردییەك دروست دەبێت. دەڵێن هەر بەرهەمێك دروست بکرێ باش بێت یان خراپ بلاْودەکرێتەوە، بۆیە پێویستە هەڵبژاردن لە بەرهەمەکاندا هەبێت، بەرهەمی باش بەدیار بخرێت و بەرهەمی کرچ و کاڵیش بەدوور بخرێت، من کەموکوڕی لەوەدا دەبینم
.

***لەم سەردانەتدا کێن ئەوانەی لەگەڵتدان و تیپی میوزیك لە چەند کەس پێك هاتووە؟**

–هاوڕێکانم لەگەڵ مندان، ئێمە چوار کەس لە ئەڵمانیاوە هاتووینە ئێرە، هەندێك هاوڕێشم لە باکوور هاتوونە، گروپی مۆسیقا لە 10 کەس پێکهاتووە کە ئامیری نەی و کەمانجە و دەهۆڵ و تەمبوور دەژەنن.

# ئەستێرە بێ رەنگەکانی رۆژ لە ئەنفال دەدوێن



دیمەنێک لە فیلمی ئەستێرە بێ رەنگەکانی رۆژ.. کۆوار

فیلمی سینەمایی (ئەستێرەکان لە رۆژ بێ رەنگن)، کە لە سیناریۆ و دەرهێنانی شیرین جیهانی و وێنەگرتنی شەهریار ئەسەدییە لە قوناغی بەرهەمهێناندایە. لە کاتی تۆمارکردنی دوا دیمەنەکانی فیلمەکە لە دەڤەری بارزان، شیرین جیهانی ئاماژەی بەو پرۆژە هونەرییە کرد، کە ئێش و ئازارە سەختەکانی ژنی کورد لە قۆناغی بەر لە راپەڕین، یان رۆژگاری ئەنفال دەخاتە ڕوو. سەرەتای کارکردنیشی لە بواری فیلمسازی بۆ چوار ساڵ لەمەوبەر گەڕاندەوە، بەڵام وەك سینەما فیلمی (ئەستێرەکان لە رۆژ بێ رەنگن)ی بە یەکەمین ئەزموونی خۆی وەسفکرد. (جیهانی) باسی لە سیناریۆی ئەو فیلمە کرد، کە لە ئەنفال دەدوێت، لە نێو ئەنفالیشدا ئازاری ئەو ئافرەتانە دەگێڕێتەوە، کە بەر ئەم پرۆسەیە کەوتوون و خراونەتە زیندانەکان، یان براو باوك و کەسوکاریان پێشمەرگە بوونە، یان شوێن بزرکراون. بەکورتی ئەم فیلمە چیرۆکی ئەو ژنانە پیشاندەدات کە لە زیندانەکانی بەعس و پرۆسەی بەدناوی ئەنفال گەڕاونەتەوە. لەمەڕ کارەکتەرەکانی فیلمەکەش شیرین جیهانی وتی، کە ئەوانەی ڕۆڵی سەرەکییان هەیە، یان بەشێوەیەکی گشتی بەشداری تێدا دەکەن ئافرەتن، هەرچەندە پیاویش لە فیلمەکە بەشدارن، بەڵام بەڕادەیەکی کەم. وەك ئەو وتی پەیداکردنی ئەکتەری ئافرەت کارێکی هێندە ئاسان نیە و دژوارییەکی زۆری ئەوێت. بەتایبەت ئەگەر ژمارەیەکی باشی ئەکتەری ئافرەتت مەبەست بێ، کە لەو فیلمەدا خۆی لە (27 ئافرەت دەدات، نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کارکردن لە سینەما یەکێکە لە کارە هەرە سەختەکان و هیلاکییەکی زۆر دەوێت، راستە کارێکی بەکۆمەڵە، بەڵام بە گەواهی هەموو ئەوانەی لە بواری سینەما کاردەکەن کارێکی گرانە، بۆنموونە گرفتێك کە لە دەسپێکی ئەم کارە هاتە پێش ئێمە ئەوەبوو، کە پاش چوار رۆژ پرۆڤەکردنی ئەکتەرە ئافرەتەکان، دواتر نەدەگەڕانەوە سەر کار، چونکە لەماڵەوە یان لەدەرەوە گرفتیان بۆ ئەنانەوە. دەربارەی شوێنی تۆمارکردنی دیمەنەکانی فیلمەکەشی وتی:بەشی زۆری دیمەنەکانی ئەم فیلمە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان تۆمار دەکرێن، ویڕای وێنەگرتنی چەند دیمەنێك لە وڵاتی میسر. دواجار دەرهێنەری ناوبراو لە بارەی سینەمای کوردی گوتی: بەداخەوە زۆر جار لە میدیای کوردی باسی ئەوە دەکرێت کە هێشتا سینەمای کوردی لەدایك نەبووە، وەك ئەبینن کە من کاردەکەم بە بیرێکی کوردی کاردەکەم، ستافێکی کوردیش لەپشتی کامیرا دەردەکەوێت. فیلمەکەش باس لە فەرهەنگ و کولتوری کوردی دەکات، چەندین کاری دیکەی بەم شێوەیەش پێشتر لێرەو لەوێ کراون، بۆیە ناکرێ بڵێین سینەمای کوردیمان نییە.

شەهریاری ئەسەدی کە وێنەگرێکی ناسراوی ئێرانییە، ئەرکی وێنەگرتنی ئەم فیلمەی لە ئەستۆدایە، لەمەڕ ئەم کارە هونەریە دەڵێت، خۆشحاڵم کە لەگەڵ ئەم ستافە بەشداری دەکەم، هیوادارم بتوانم ئەو زوڵم و زۆردارییەی دەرهەق بە ئافرەتی کورد کراوە، بەتایبەت لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفال بخەمەڕوو. ئەم فیلمە بە هەنگاوێکی گرنگ و تازەی سینەما دەژمێردرێت، کە باس لە نەهامەتیەکانی کورد بەتایبەت نەهامەتیەکانی ژنی کورد دەکات. ئەم کارە هونەریە دەتوانێ ببێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندی و ئاشنایەتی گەلانی دیکە بە فەرهەنگی کوردی، چونکە سینەما و تەلەفزیۆن و کەناڵەکانی راگەیاندن دەبنە هۆی لەیەکتر نزیککردنەوەی کولتورو رۆشنبیری گەلان لەیەکتر.

ئەسەدی ئەوەشی گوت، ئەوەی تا ئێستا کراوە، هەنگاوی باش و پڕ بایەخن، بەڵام کوردستان پێویستی بە کاری زیاتر و پڕۆژەی گەورەتر هەیە، لێرەدا جێی خۆیەتی رۆڵی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە پشتیوانکردنی بزووتنەوەی هونەری لە کوردستان بەرز بنرخێنین. ئیبراهیم تەنهایی، کوردێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە و لەو فیلمەدا رۆڵی باوك دەبینێ، وتی دەکرێ لە بواری سینەما سوود لە گەنجان وەربگرین، پێویستە کار بۆ ئەوە بکەین کادیری ناوخۆیی پێبگەینین، ئەویش بە ناردنە دەرەوەی گەنجان، تا خولی سینەما ببینن. بەمەش دەکرێ لەبەر نەبوونی کادیری دەرەوە کارەکانمان نەوەستن. ئەوەی مایەی خۆشحاڵیشە کۆمەڵێك کادری باش لەو فیلمە ڕۆڵ دەبینن، کە ئەکرێ بۆ ئایندەی سینەمای کوردی بەکەڵك بێ. شەرمین محەمەدی ئەکتەریش وتی ئەز لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەشداری کردنی ئەم فیلمە هاتوومەتە باشووری کوردستان، من پێنج شەش ساڵە لەو بوارە کاردەکەم، ئێستاش بەوە خۆشحاڵم کە بۆ یەکەمین جار لەگەڵ دەرهێنەرێکی ئافرەت لە کوردستان کاردەکەم، بەداخەوە لە کوردستان ژنان زۆر بەکەمی لە سینەما کاردەکەن، دیارە ئەمەش بۆ داب و نەریتی کوردی دەگەڕێتەوە، کە لە زۆر ڕووەوە ڕێگرە لەبەردەم پێشکەوتن. نەخشین محەمەد، کە لە بواری هونەری بە شیرین ناسراوە دەڵێت، کاتێك شیرین جیهانی داوای لێکردم بەشداری لەم فیلمەدا بکەم زۆر پێم خۆشبوو، هەنووکەش لەم کارەدا وەك یەك خێزان دەردەکەوین، هەموو گرفتەکانیش کە هاتوونەتە بەردەممان توانیوومانە بەسەریاندا زاڵبین و نەیانهێڵین.

#ماڵێك له سێبه‌ری هونه‌ر

زنجیره‌ درامای میرات، كه شه‌وانه له‌ڕێی كه‌ناڵی سه‌حه‌ر میوانی خه‌ڵكێكی زۆری شاره‌كانی كوردستان بوو، ڕووداوه‌كانی نێو زنجیره‌كه سه‌رنجی بینه‌رێكی زۆری به‌لای خۆی ڕاكێشا، له نێویاندا یه‌كێك له ئه‌كته‌ره به‌شداربووه‌كان، كه ڕۆڵی سه‌ره‌كی ده‌نواند، شه‌قایق فه‌راهانی(سارا) بوو، سارا له‌زنجیره‌كه‌دا وه‌ك ئه‌كته‌رێكی به‌توانا بووه مایه‌ی سه‌رنجی بینه‌رێكی زۆر. ئه‌و كه له ساڵی 1971 له ئێران له‌دایك بووه، هه‌ڵگری بڕوانامه‌ی گرافیك و نیگاركێشییه، كچی هونه‌رمه‌ندی ناسراو به‌هزادی فه‌راهانییه، كه له هه‌مان زنجیره‌دا باوكی سارایه. سارا بۆیه‌كه‌مین جار له‌گه‌ڵ به‌هزادی فه‌راهانی باوكی و فه‌هیمه ره‌حیمی نیای دایكی به‌شداری له كورته فیلمی سینه‌مایی له‌یلا ده‌كات. دواتریش له فیلمی (چه‌ترێك بۆ دوو كه‌س) ده‌رده‌كه‌وێ و به‌هۆی ئه‌م به‌شدارییه‌شی وه‌ك ئه‌كته‌رێكی نوێی بواری سینه‌مایی له ئێران ده‌ركه‌وت، هاوشان له‌گه‌ڵ سینه‌ماكارانی ئێرانی( هه‌دیه تارانی، ره‌زا كیانیان، برتری دارد) تونی ڕۆڵێكی باش ببینێ. هه‌روه‌ها له فیلمی په‌روانه پتر ناسرا. شه‌قایق له‌و فیلمانه ڕۆڵی بینیوه(دره‌ختی هه‌رمێ، توتیا، عه‌شق به‌س نیه، ناو بانگ، ڕازی شه‌وێكی باراناوی، چه‌ترێك بۆ دوو كه‌س، شه‌وانی تاران، ده‌نگی عه‌شق، سه‌مفۆنیای تاریك، مرۆڤه‌كان، كۆتایی باڵی قه‌قنه‌س، په‌روانه و شارلاتان و ، مانگی میهره‌بان، دواین سوار، توتیا، كچێك به‌ناوی ته‌ندەر، خۆڵه‌مێشی، ...). جێی گوتنه به‌هزاد له درامای میراتدا ئه‌و باوكه‌یه، كه سارا به‌منداڵی له یه‌كێك له داینگه‌كانی تاران دێنێته‌وه ماڵه‌كه‌ی و ده‌یكات به كچی خۆی. به‌هزاد فه‌راهانی، كه له زنجیره‌ی میرات ڕۆڵی(ستووده)ده‌بینێت، له دایك بووی ساڵی( 1943)یه، سینه‌ماكارێكی ئێرانییه و له‌و فیلمانه‌دا ڕۆڵی بینیوه( ته‌جاوز، گورگی بێزار، ده‌ست حه‌ق، سنۆبه‌ره‌كانی سۆزان، ره‌عنا، مار، ئیمام عه‌لی، به‌رزایه‌كانی سفر، ڕێگای شانازی، ساڵه‌كانی بێقه‌راری. سینه‌ماكارێكی دیكه‌ی ناسراوی ئه‌و خانه‌واده‌یه(گولشیفته فه‌راهانی)ی خوشكی شه‌قایق و كچی به‌هزادی فه‌راهانییه، ئه‌و له‌دایكبووی ساڵی(1982)ه و بۆ یه‌كه‌م جار له فیلمی سینه‌مایی (دار هه‌رمێ) ده‌رده‌كه‌وێت.

له شازده‌مین فیستیڤاڵی فه‌جری نێوده‌وڵه‌تیشدا خه‌ڵاتی باشترین ئه‌كته‌ر وه‌رده‌گرێ. له بیست و دووه‌مین فیستڤاڵی فه‌جریشدا خه‌ڵاتی سه‌رنجراكێشترین ئه‌كته‌ری پێده‌درێت. وێڕای وه‌رگرتنی كۆمه‌ڵێك خه‌ڵاتی دیكه له فیستیڤاڵه ناوخۆییه‌كانی ئێران و ده‌ره‌وه. گولشیفته له‌م فیلمانه‌دا ڕۆڵی دیاری هه‌بووه:( دره‌ختی هه‌رمێ، حه‌وت په‌رده، ڕۆژگار، شوێنێكی تر، دوو فریشته، فرمێسكی سه‌رما، باوكی خۆشه‌ویست، ماسیه‌كانیش عاشق ده‌بن...)، ره‌خنه‌گرانی بواری سینه‌ما له ئێران ئاینده‌یه‌كی دیار له گولشیفته‌ی ئه‌ستێره‌ی سینه‌ما چاوه‌ڕێده‌كه‌ن، چونكه هه‌م له نواندنی ڕۆڵ و هه‌م له گفتوگۆكانیدا توانیوویه‌تی سه‌رنجی بینه‌ران بۆ لای خۆی رابكێشێت، هه‌ر ئه‌مه‌شه وادەكات به‌رده‌وام چاوی كامێراكانی له‌سه‌ر بێت.

ئه‌مه‌و خانه‌واده‌ی فه‌راهانی ڕۆڵێكی دیارو گرنگیان له‌نێو سینه‌مای ئێرانیدا هه‌یه و توانیوویانه خزمه‌تێكی به‌رچاوی بزووتنه‌وه‌ی هونه‌ری له ئێران بكه‌ن و ئاستێكی به‌رزیش له دونیای سینه‌مای فارسی بنوێنن.



به‌هزادی فه‌راهانی



گولشیفته فه‌راهانی



شه‌قایق فه‌راهانی

# (ئەردەڵان کامکار)
# مۆسیقای فیلمێکی سینەما دادەنێ



مۆزیکڤانی کورد ئەردەڵان کامکار، مۆسیقا بۆ فیلمێکی سینەمایی عەلی سەنتوری دادەنێ، سەرچاوەیەکی هونەری لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە (کۆوار)ی ڕاگەیاند، کە هونەرمەندی ناوبراو بەشی زۆری کاری مۆسیقای ئەو فیلمەی، کە لە دەرهێنانی سینەماکاری ئێرانی (داریوش مهرجویی) یە تەواوکردووە، هاوکات لەگەڵ ئاواز و مۆسیقاش سێ گۆرانیش بە دەنگی گۆرانیبێژی ئێرانی (موحسن چاوەشی) دەبیسترێت. جێی ئاماژە بۆ کردنە هەریەکە لە ئەکتەرانی ناسراوی سینەمای ئێران ( بەهرامی رادان، گلشیفتە فەراهانی ، مەسعود رایگان، روئیا تەیموریان، ماهد تەهماسبی و نادر سلەیمانی) لەو فیلمەدا ڕۆڵ دەبین.

# کامەران حاجی ئەلیاس
# لە دوو درامای نوێ

هونەرمەند کامەران حاجی ئەلیاس بە (کۆوار)ی ڕاگەیاند، ئەو بەم دواییە وەك ئەکتەر لە دوو زنجیرەی تەلەفزیۆنی بەشداری کردووە، لەوانەش زنجیرەی( خەندەی گورگ) لە دەرهێنانی هیوا سوعاد و زنجیرەی( خۆر) لە دەرهێنانی تاریق ئاکرەیی. هەروەها کامەران ئەوەشی وت، کە وەك ئەکتەر لە شانۆگەری ( کەرنەڤاڵی تارماییەکان) لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر بەشدارە. جێی گوتنە پێشتر کامەران حاجی ئەلیاس وەك ئەکتەر لە فیلمی فرمێسکی بێخاڵ دەردەکەوێ و کتێبێکی وەرگێڕدراویشی بەناوی تەختەی شانۆ چاپکردووە.



# هاوڕێیانی گەزیزە
# قسەکانیان تەواو نەکرد



هەولێر: زەینەڵ

دەرهێنەر و ئەکتەری ناسراو (گەزیزە)، جارێکی تر بینەرانی شانۆی کوردی لە هەولێر سەرسام کرد، بە بانگهێشتی دەزگای یەکسانی، تیپی شانۆی هاوڕێیانی گەزیزە شانۆگەری (هێشتا قسەکانمان تەواو نەکردووە)یان لە هۆڵی میدیا نمایشکرد. لە دووتوێی ئەو کارە هونەریەدا کۆترە رۆح سووکەکانی گەزیزە بەشێك لە ئێش و ئازاری خێزانێکی ستەمدیدەو پاشماوەی شەڕەکانیان دەگێڕایەوە. خێزانێك کە لەسەردەمی رژێمی بەعس کوڕێکیان لەدەست دەدەن، لە کارەساتی شەڕی ناوخۆش باوکیان دەبێتە قوربانی و بێوەژنێك و دوو کچی هەرزەکار دەمێننەوە، کاتێك کچەکانیش گەورە دەبن باس لە تراژیدیای ژیانی بەفیڕۆچوویان دەکەن، بەڵام بەر لە تەواو بوونی سەرگوزشتەی ئەو خێزانە دایکەکەیان گیان لەدەست دەداو چیرۆکەکە تەواو نابێت.

# ئەگەر رۆژنامەکان ئازاد بن، بەرپرسەکان ئازاد نابن



بۆ زانینی ئاستو رەوشی ئازادی لەهەر ولاٌتێکدا پێش هەموو شتێك تەماشای رۆژنامەکانیان بکە. لەبەراوردو وردبوونەوەیەکدا لەنێوان خەمو رەخنەکانی خەڵكو نێوەڕۆکی رۆژنامەکاندا بۆت دەردەکەوێ، ئازادی لەو ولاٌتەدا لەچ ئاستێکدایە.

بەری هەرشتێکیش دەبێ بزانین هیچ مەرج نییە زۆری رۆژنامە لەولاٌتێکدا نیشانەی ئازادی رۆژنامەڤانی بێت لەو ولاٌتەدا. بۆ نموونە لەهەڵسەنگاندنی جیهانی ئازادی رۆژنامەڤانی لەساڵی رابردوودا هەرچەندە فرەرۆژنامەییەکی زۆر لەلوبنان هەیەو رۆژنامەی کەمتر لەرۆژنامە لەکوێت هەن، کەچی لەو هەڵسەنگاندنە جیهانییەدا کوێت وەك یەکەمین ولاٌتی عەرەبی لەبواری ئازادی رۆژنامەڤانیدا، وەك ولاٌتی ژمارە 116 دا لەریزبەندی ولاٌتانی جیهاندا هاتووە لەبواری ئازادی رۆژنامەڤانیداو لوبنان لەپلەی 120 داهاتووە. هەر بۆیەش ئێمە لەباشووری کوردستان نابێ بوونی ئازادی رۆژنامەڤانی لەفرەیی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا ببینین.

شتێکی دوور لەراستی نالێین ئەگەر بلێین هۆیەکی سەرەکی دروستبوونی (نەوای ئارام) لەهێڵی 36 باشووری کوردستان لەساڵی 1991دا راگەیاندن بوو، هەروەکو نووسەری پەرتووکی (نەمانی سەروەری) دەڵێ جیهان بۆ یەکەمجار لەرێگەی چاوی کامێراکانەوە لەساڵی 1991 دا لەکاتی کۆڕەو لە کێشەی کورد ئاگادار بووەوە. لەولاٌتێکدا کە قەرزدارێکی ئەخلاقی ئازادی رۆژنامەڤانی بێ، دەبێ زێدەتری هەموو ولاٌتانی دیکە بەتەنگ ئازادی رۆژنامەڤانییە وەبێ، بەتایبەتی کە دەبینین ئەمڕۆ ولاٌتانی دیموکراسیو ئازاد ولاٌتی بەهێزن، نەك ولاٌتانی سەرکوتکار، رژێمی دیکتاتۆری سەدام خاوەنی چوارەم سوپای جیهان بوو تێکو پێکدرا، بەلاٌم کێ دەتوانێ بەهۆی سیستەمی دیموکراسیانەو ئازادانەی سویسراوە دەست بۆ ئەو ولاٌتە بێ سوپایە ببات.

بەپێی ئاماری رێکخراوی جیهانی، پەیامنێرانی بێ سنوور(126) رۆژنامەڤان لەزیندانەکانی جیهاندان، ئەو رێکخراوە کە لەساڵی 2002 دا وێنەی ژەنەراڵەکانی تورکیای لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی دیکەدا لەسەر شەقامێکی پاریس وێنەکێشا بوو، تاوەکو خەڵك بەپێ بەسەریان بکەوێ، هەر ئەوێ ساڵێ کاك فەلەکەدین کاکەیی پێیگوتم کە لەئەڵمانیا بەچەند رێکخراوێکی رۆژنامەڤانانم گوت، کە هیچ زیندانێکی ولاٌتی ئێمە رۆژنامەڤانێکی زیندانیکراوی تێدا نییە، زۆر سەرسەرز بووم. بەڕای من ئەو سەربەرزییە دەبێ بەیاسای مۆدێرنو دابینکردنی ئازادی رۆژنامەڤانی ریشەدار بکرێ. کە لەولاٌتێکی وەکو میسر حوکمـــدانی رۆژنامەڤان بەزیندان بەیاسا لادرابێ، نابێ رێگە بدەین تازە بەتازە سەندیکای رۆژنامەنووسانی لەرێگەی یاسایەکی گشتگیرانەی نارووناوە، بەناوی پاراستنی دابو نەریتو باسنەکردنی ئایینو ئاسایشی نەتەوەیی، سنوورەکانی ئازادی رۆژنامەڤانی لەجیاتی فراوانکردن تەسکتر بکاتەوە.

ئاکۆ محەممەد

من ناتوانم بلێم ئازادی رۆژنامەڤانی لەکوردستاندا بەرکەماڵەو رۆژنامەڤانی شارەزاو پرۆفیشناڵمان هەن. چونکە لەهەر ولاٌتێکدا گەندەڵی ئیداریو دارایی لەقسەی سەرزاری خەڵكو دانپێدانانەکانی بەرپرساندابێو رۆژنامەڤانی نەتوانێ بەئاشکرایی روونیبکاتەوە. کە ژنکوژەکان لەپەنای هەندێ پەرژینی عەشایرییەوە لەیاسا بێ منەت بن، کە رۆژنامەڤان لەگەڵ بەرپرسانی یاساشکێندا لەمەجلیساندا لەسەر دەرکردنی بەرێوەبەرو کارمەندێك لەسەر پاراستنی یاسا پێبکەنێ، ناتوانم بلێم ئازادی رۆژنامەگەریو رۆژنامەڤانی پسپۆرو پیشەییمان هەن.

لەهەموو ولاٌتانی ئازادو پێشکەوتووی دنیادا بەرپرس لەرۆژنامەڤان دەترسێ، کەچی لەولاٌتی ئێمەدا ئەوە نەك هەر پێچەوانەیە، بەڵکو زۆرجار رۆژنامەڤانی کورد گوێ لەمستی بەرپرسانیشە. لەکاتی شەڕی براکوژیدا رۆژنامەڤانی سەربەحیزب دەبوا لەگەڵ رێژنەی هەر تفەنگێکدا قەلەمبگێڕیو رەنگە زۆر جاریش گوترابێ وەڵلاٌ رۆژنامەنووسانی ئێمە زۆر باش حیزبەکەی دیکەیان نەکوتاوە، کەچی کە بارودۆخ هێورو نیمچە ئاسایی دەبێتەوە پێیاندەڵێن شەڕ هەڵنەگیرسێننەوەو بێدەنگ بن. وەك ئەوەی ئەوان شەڕ هەڵگیرسێن بووبن. هەروەها بێ ئەوەی بلێن لەهەر ولاٌتێکدا کە لەپەرلەمانو رۆژنامەڤانیدا قسە نەشاردراوە ولاٌتێکی دوور لەشەڕی نێوخۆیی دەبێو بەپێچەوانەشەوە، دەڵێن وا حکومەت یەکیگرتەوە بێدەنگ بن.

بەکورتی لەهەر ولاٌتێکدا ئازادی رۆژنامەڤانی هەبێت خەڵك لەحکومەتو کارگێڕی ولاٌت دڵنیا دەبێ، چونکە رۆژنامەڤانی چاودێری کاروبارەکانی ولاٌت دەکات، بەلاٌم لەهەر ولاٌتێکدا بڕیاردرابێ بەرپرسەکان بێ سنوور ئازاد بن، رۆژنامەڤانی ئازاد نابێو خەڵك بەدڵنیایی بەرامبەر حکومەت ناژیو گەندەڵی دەبێتە باسی خەڵكو هۆی لاواز بوونی ئینتیماکەی.